Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.7

# کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١*

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Arez Abdulqader Abdullah
arez.abdullah@su.edu.krd

RECEIVED :03 /12/2025
ACCEPTED :03/08/ 2025
PUBLISHED : 15/04/ 2026

**ئاریز عبدالقادر عبدالله**/بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان ,زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

**نەوزاد عبدالله شکری**/بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان,زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر,هەرێمی کوردستان,عێراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بە وردی باس لە ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١. بێگومان دامەزراوەی جێبەجیکردن ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەیە لە ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. سەرۆکی ئەمریکا چەندین ئەرکی هەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گرنگترین ئەرکەکانی سەرۆکی ئەمریکا بریتین لە فەرماندەی گشتی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا، سەرۆکی دیپلۆماسی ئەمریکا، ئەنجامدانی ڕێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتان و دامەزراندنی پلە باڵاکانی دەوڵەت بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران. لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا چەندین دامەزراوەی یارمەتیدەر هەن. ئەم توێژینەوەیە باس لە هەریەکە لە وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا و دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA) دەکات. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە چۆن و بە چ شێوازێک دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەری هەبووە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە دەرئەنجام، جگە لە ئەرکەکانی سەرۆکی ئەمریکا وەک بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردن، زۆرجار داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەستە بە جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی سەرۆکەکانەوە و تەنانەت سیاسەت و بڕیارەکانی سەرۆکەکان بە پێی کات و بابەت گۆڕانی بەسەردادێت. بۆ نموونە، لە پەیوەندی و شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەریەک لە ئێران، تورکیا و ئیسرائیل. هەروەها، دامەزراوە یارمەتیدەرەکانی سەرۆکی ئەمریکا، وەکو وەزارەت و نوسینگە جێبەجێکارەکان، ڕۆڵیان هەبووە لە پێدانی زانیاری، پشتیوانی لە سیاسەت و جێبەجێکردنی سیاسەتی سەرۆکەکان.

**وشە سەرەکییەکان:**
سیاسەتی دەرەوە،
دەسەڵاتی جێبەجێکردن،
ئەمریکا،
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

* ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لە تێزی دکتۆرای قوتابی ( ئاریز عبدالقادر عبدالله ) بە ناونیشانی (کاریگەری دامەزراوە فەرمی و نافەرمییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٢٠٠١ - ٢٠٢١)، لەژێر سەرپەرشتی (پ. ی. د. نەوزاد عبدالله شکری) لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، (بڵاونەکراوە – غير منشور – Not Published).

## ١. پێشەکی:

سیستەمی سیاسی ئەمریکا* سیستەمێکی دیموکراسییە و لەسەر بنەمای جیاکردنەوە و هەماهەنگی دەسەڵاتەکانە. چەندین دامەزراوە کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن یەکێکە لەو دامەزراوانەی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە ئەمریکا مشتومڕێکی زۆری لەسەر ڕۆڵی و پێگەی سەرۆک کۆمار و کۆنگرێسی ئەمریکا، هەروەها لەسەر سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی هەریەکەیان لە کاروباری دەرەوەدا دروستکردووە. بەپێی ماددەی یەکەم و دووەمی دەستووری ئەمریکا ساڵی ١٧٨٩، پەیوەندییەکانی دەرەوە لە دەسەڵاتی هەردوو دامەزراوەی جێبەجێکردن و یاسادانانندایە. بۆنمونە هەندێک لە دەسەڵاتەکان، وەکو فەرماندەی گشتی هێزە سەربازییەکان لە دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمارە. هەندێکی تر، وەکو ڕێکخستنی بازرگانی دەرەکی لە دەسەڵاتەکانی کۆنگرێسە. سەرەڕای ئەمانەش، دەستور هەندێک لە دەسەڵاتەکان لە نێوان ئەم دووانەدا دابەش دەکات. هەروەها، دەسەڵاتی سێیەم، دەسەڵاتی دادوەری، بەگشتی ئامادە نەبووە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر لەسەر ئەم پرسانە بدات و ڕۆڵ و کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبێت (Masters, 2017: 1 – 2).

دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئەم دەسەڵاتە ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە هۆی ئەوەی سیستەمی سیاسی ئەمریکا سیستەمێکی سەرۆکایەتییە، سەرۆک کۆماری ئەمریکا دەسەڵاتیکی فراوانی هەیە لە بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. سەرۆک کۆماری ئەمریکا وەک ئەندازیاری سەرەکی سیاسەتی دەرەوە کاردەکات. سەرۆک کۆمار بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکایە. سەرۆکی ئەمریکا چەندین ئەرکی هەیە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. گرنگترین ئەرکەکانی سەرۆک کۆمار بریتین لە فەرماندەی گشتی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا، دانانی کارنامەی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە، دانوستاندن لەسەر ڕێکەوتننامەکان و ئەنجامدانی ڕێکەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتان، دانانی پلە باڵاکانی دەوڵەت وەک وەزیر و باڵیۆزەکان بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران، بەشداری کردەی سەربازی و جێگیرکردنی هێزی سەربازی بە مەرجی ڕەزامەندی کۆنگرێس، پێشنیارکردنی یاسا، ناردنی ڕەشنووسی بوودجە و ڕاپۆرتی ساڵانەی ئابووری بۆ کۆنگرێس. هەروەها، جگە لەو ئەرکانەی سەرۆک کە بەهۆیەوە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، زۆرجار داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەستە بە جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی سەرۆکەکانەوە و تەنانەت سیاسەت و بڕیارەکانی سەرۆکەکان بە پێی کات و بابەت گۆڕانی بەسەرردادێت. بۆ نمونە، لە پەیوەندی و شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکەکانی ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتان و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لەگەڵ سەرۆک کۆماری ئەمریکا چەندین دامازراوەی یارماتیدەر هەن لە ئێستادا بریتین لە ١٥ وەزارەت و ١٣ نووسینگەی جێبەجێکاری سەرۆک کۆمار. ئەم دامەزراوە و دامودەزگایانە هاوکاری سەرۆک کۆمار دەکەن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە و ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. لە چوارچێوەی ئەم دامەزراوە یارمەتیدەرانە، ئەم توێژینەوەیە باس لە هەریەکە لە وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا و دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA) دەکات. ئەم دامەزراوانە ڕۆڵیان هەبووە لە پێدانی زانیاری بە سەرۆک کۆمار، پشتیوانی لە سیاسەتەکانی سەرۆک کۆمار دەکەن و ئەرکیان جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەرۆک کۆمارە. لێرەدا ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوە لە کاریگارییەکانی سەرۆک کۆمار و چەند دامودەزگایەکی جێبەجێکردن دەکات لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

* مەبەست لە ئەمریکا واتا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (The United States of America – USA).

**١.١. ئامانجەکانی توێژینەوە:**

• یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە هەوڵ دەدات خوێندنەوە و شیکردنەوەیەکی زانستی و ئەکادیمی ورد بکات بۆ کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١.

• یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە چۆن و بە چ شێوەیەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵسوکەوت دەکات لەگەڵ ئەو پرسانەی کە ڕووبەڕووی ئەمریکا دەبێتەوە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست.

• ئامانجێکی دیکە لێکۆڵینەوەیە لە جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا لە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەریەکە لە ئێران، تورکیا و ئیسرائیل.

**١.٢. پرسیارەکانی توێژینەوە:**

• چۆن و تا چ ڕادەیەک دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١؟

• تا چەند دەسەڵاتی جێبەجێکردن توانیویەتی گۆڕانکاری دروستبکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لەنێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١؟

**١.٣ سنووری توێژینەوە:**

• لە ڕووی کاتەوە، سنوور و ماوەی توێژینەوەکە بریتییە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١. دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنی ئەم ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠١ هێرشە تیرۆرستییەکانی سەر ئەمریکا ئەنجامدرا، ئەمەش وای لە ئەمریکا کرد جەنگی دژی تیرۆر ڕابگەیەنێت و زیاتر پەلکێشی بکات بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها ساڵی ٢٠٢١ بۆ ئەوەیە چونکە ماوەی ٢٠ ساڵ، کە نزیک چارەگە سەدەیەک دەکات، دەتوانێت ستراتیژیەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەربخات.

• لە ڕووی شوێنەوە، ئەم توێژینەوەیە هەریەکە لە ئەمریکا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخۆدەگرێت. ئەمریکا بەهۆی زلهێزی و کاریگەرییەکەی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی گرنگی و ستراتیژیەتیەکەی وەرگیراوە. سەرەڕای ئەمەش، بەهۆی فراوانی، زۆری کەیس و ڕووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەند دەوڵەت، ڕێکخراو، گرووپ، کەیس و خاڵە دیارەکان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرێت.

**١.٤. گریمانەی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەم گریمانەیە:

• بەهۆی ئەوەی ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراسی و فرە دامەزراوەییە، ئەم توێژینەوەیە گریمانەی ئەوە دەکات کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەتایبەت بەرامبەر بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها، دەسەڵاتی جێبەجێکردن تا ڕادەیەک دەتوانێت گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بکات.

**١.٥. میتۆدی توێژینەوەکە:**

-ڕێبازی توێژینەوەکە ڕێبازێکی چۆنایەتیە، کە بریتیە لە پرۆسەی کۆکردنەوە، لێکدانەوە، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی داتا و زانیارییەکان. وەک کەرستەی توێژینەوە سود لە پەرتوکەکان، گۆڤارەکان، بەڵگەنامەکان، توێژینەوە و ئارتیکڵەکان، تێزەکانی دکتۆرا، ماستەرنامەکان و ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان وەرگیراوە. ئەم توێژینەوەیە چەندین سەرچاوەی زانستی و ئەکادیمی بەکارهێناوە کە جێگای متمانەن تاوەکو ئەگەر جارێکی دیکە بەکاربهێندرێتەوە هەمان داتا، واتا و مانا بدات.

-هەروەها ڕێبازی شیکردنەوەی مێژوویی بەکارهاتووە، بۆ ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان، کە تیشک دەخاتە سەر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ – ٢٠٢١.

**١.٦. توێژینەوەکانی پێشوو:**

١. "The impact of Domestic factors on U.S. Foreign Policy"، ئەم توێژینەوەیە بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن د. نەوزاد عبدالله شکری ئەنجامدراوە و لە ساڵی ٢٠٠٠ لە گۆڤاری زانکۆ بۆ یاسا و رامیاری کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر بڵاوکراوەتەوە. توێژەر لەم توێژینەوەیدا هەوڵیداوە شیکاری کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکات. توێژەر باس لەوە دەکات پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاڵۆزە و چەندین هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی تیایدا بەشدارن. نووسەر لە توێژینەوەکەی باس لە کاریگەری فاکتەرە ناوخۆییەکانی وەکو کاریگەری سەرۆک، کۆنگرێس، لۆبییەکان و رای گشتی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات. لە دەرئەنجام، توێژینەوەکە دەگات بەو ئەنجامەی کە سەرۆک لە چوارچێوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەسەڵات و هێزێکی زۆر فراوانی هەیە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵام بەپێی یاسا و دەستور بەبێ هەماهەنگی کۆنگرێس، سەرۆک ڕووبەڕووی چەندین کێشەی گەورە دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و کۆنگرێس دەتوانێت دەسەڵاتەکانی سەرۆک سنورداربکات. بەهەمان شێوە لۆبی و رای گشتی کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. جیاوازی توێژینەوەکەی من لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی بەڕێز د. نەوزاد عبدلله شکری ئەوەیە، توێژینەوەکەی من تەنها جەختی کردۆتە سەر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها، توێژینەوەکەی من هەوڵی داوە ئەم بۆشاییە زانستییانە پڕبکاتەوە، زانینی ڕادەی کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەم ناوچەیە و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕوودەدەن بەهۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٢. " The Role of the American President in Establishing US Foreign Policy: The Case of the Middle East and North Africa"، ئەم توێژینەوەیە بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن "Fouad Touzani" لە ساڵی ٢٠١٧ لە گۆڤاری "Journal of International Relations and Foreign Policy" بڵاوکراوەتەوە. توێژەر باس لە رۆڵی سەرۆکی ئەمریکا لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا دەکات. توێژینەوەکە باس لە سیاسەت، کردار و لە قاڵبدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەکات لە لایەن سەرۆکی ئەمریکاوە لە چوارچێوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەروەها، توێژینەوەکە باس لە بەرژەوەندییە بەردەوام و مێژووییەکانی ئەمریکا دەکات لە ناوچەکەدا. هەرکاتێک بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا وەکو بەرژەوەندی ئابووری، بەرەنگاری تیرۆر و پاراستنی ئیسرائیل کەوتنە بەر مەترسی، ئەمریکا دەستدەکات بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی دیپلۆماسی، دانانی سزا و ئابڵۆقەی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە ناوچەکە. توێژینەوەکە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کەوا سەرۆکەکانی ئەمریکا رۆڵ و کاریگەرییەکی زۆریان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەکو لە پاراستنی ئیسرائیل، پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و نەوتییەکان و ڕێگریکردن لە تیرۆر. جگە لەمەش، توێژینەوەکە ئاشکرای دەکات کە سەرۆکە کۆمارییەکان زیاتر لە سەرۆکە دیموکراتەکان چالاکتر و بەهێزترن بۆ وەڵامدانەوەی گروپ، ڕێکخراو و دەوڵەتەکان و بەکارهێنانی هێزی سەربازی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. جیاوازی توێژینەوەکەی من لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە توێژینەوەکەی من ماوەکەی سنوردارە لە نێوان ٢٠٠١ تا ٢٠٢١ە، و توێژینەوەکەم هەوڵیداوە بەراوردێک بکات لە نێوان جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی سەرۆکەکانی ئەمریکا لە شێوازی مەمەڵەکردن و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم ماوەیەدا، بەمەش بۆشاییەکی زانستی پڕ دەکاتەوە.

**١.٧. چوارچێوەی تیۆری:**

جیهانبینی توێژەر وادەکات توێژەر سەرپشک بێت لە هەڵبژاردنی تیۆری. دیاریکردنی بابەتی لێکۆڵینەوە، کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان، ئارگومێنت و شێوازی تاقیکردنەوەی ئارگومێنتەکان لە ئەرکەکانی توێژەرە. بەهۆی ئەوەی ناونیشانی تێزەکە بریتییە لە " کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١"، کە تێکەڵەیەکە لە سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، بۆیە لەم

تویژینەوەیە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ (Neo-Classical Realism) بەکاردێت. ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ چوارچێوەیەکی تیۆرییە، هەوڵدەدات ڕەفتاری دەوڵەتەکان روونبکاتەوە بە تێکەڵکردنی کاریگەری و تێڕوانینەکانی سیاسەتی ناوخۆیی. هەروەها، ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ پێی وایە لە کاتێکدا لە سیستەمی نێودەوڵەتی دابەشکردنی دەسەڵات و ئەنارکی گرنگە، بەڵام هۆکارە ناوخۆییەکان وەکو سەرکردایەتی دەوڵەت، دامەزراوە سیاسییەکان، پارتە سیاسییەکان و ڕای گشتی کاریگەری بەرچاویان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت هەیە. ئەم تیۆرە نیشانی دەدات کە فاکتەرە ناوخۆییەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەت دەبێت و لە قاڵبی دەدەن. بۆیە ئەم توێژینەوەیە پشت بە تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ دەبەستێت لە کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان و شێوازی تاقیکردنەوەی ئارگومێنتەکان. هەروەها، گرنگترین بیرمەندانی تیۆری ڕیالیزمی کلاسیکی نوێ، بریتین لە: گیدیۆن ڕۆز ( Gideon Rose)، ڕاندال شوێڵەر (Randal Schweller) و فەرید زەکەریا (Farid Zakaria).

**٢. کاریگەری سەرۆک کۆمار لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست:**

**٢.١. دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار و ململانێی لەگەڵ کۆنگرێس:**

سەرۆکی ئەمریکا باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنە لە ئەمریکا. بڕیارەکانی سەرۆکی ئەمریکا بەتەنها کاریگەری لەسەر ئەمریکا نیە بەڵکو کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەیە. دامەزرێنەرانی ئەمریکا هەوڵیانداوە بە کۆکردنەوەی هەردوو دەسەڵاتی ڕێبەری گەل یان سەرۆکی دەوڵەت لەگەڵ سەرۆکی حکومەت لەدەست یەک کەس، کە سەرۆک کۆماری ئەمریکایە، بتوانێت بڕیاری جدی بدات لە کاتە هەستیارەکاندا بەهاوکاری دەسەڵاتی یاسادانان. ئەمە وا دەکات سەرۆک کۆمارەکان دەسەڵاتی بڕیاردانی فراوانیان هەبێت بەبێ گەڕانەوە بۆ رای گشتی، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا ناچارکراون بڕیارەکان لە چوارچێوەی رای گشتی دەربکەن و گرنگییەکی تایبەت بە دامەزراوەکان و رای گشتی بدەن. هەروەها، سەرۆکی ئەمریکا چەندین دەسەڵاتی هەیە وەکو، لەگەڵ ئەوەی یاسادانان لە دەسەڵاتی کۆنگرێسە و لە دەسەڵاتی دامەزراوەی جێبەجێکردندا نییە، بەڵام سەرۆک کۆماری ئەمریکا پێشنیاری یاسا دەکات بۆ کۆنگرێس. هەروەها ڕەشنووسی بوودجە و ڕاپۆرتی ساڵانەی ئابووری بۆ کۆنگرێس دەنێرێت. سەرۆکی ئەمریکا سەرۆکی گەلە و نوێنەری سەرجەم خەڵکی ئەمریکایە و هێمای یەکپارچەیی ئەو دەوڵەتەیە. سەرۆکی ئەمریکا فەرماندەی هێزەکانی زەمینی، ئاسمانی و دەریاییە. لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی ئەمریکا فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئەمریکایە، بەڵام ڕاگەیاندنی جەنگ و دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ شەڕ لە دەسەڵاتی کۆنگرێسە (ئەمجەد، ٢٠٢٢: ١٨٧ - ١٩٣).
دەستووری ئەمریکی دەسەڵاتی بە کۆنگرێسی ئەمریکی داوە وەکو تاکە لایەن مافی ڕاگەیاندنی شەڕی هەبێت. سەرۆک دەسەڵاتی ئەوەی نییە شەڕ ڕابگەیەنێت، چونکە بڕیارەکە لە ئەستۆی کۆنگرێسە. لەگەڵ ئەمەشدا سەرۆکی ئەمریکا بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ دەتوانێت هێزی سەربازی بۆ ناوچەکانی دەرەوەی ئەمریکا بنێرێت، بەڵام ئەگەر بیەوێت ئەرکی ئەو هێزە نێردراوە درێژ بکاتەوە، دەبێت ڕەزامەندی کۆنگرێس وەربگرێت (الجزیرة، ٢٠١٦).
دەستووری ئەمریکا دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی شەڕی بە کۆنگرێس داوە. بەڵام هەندێک بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە دەسەڵاتی بەکارهێنانی هێزە سەربازییەکان کە ئایا لە دەسەڵاتی کۆنگرێسە یان سەرۆک کۆماری ئەمریکا. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە بەپێی دەستووری ئەمریکا، لە لایەک کۆنگرێس دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی شەڕی هەیە. لە لایەکی دیکە، سەرۆک فەرماندەی گشتی سوپا و هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە. پاڵپشت بەمە، دەتوانرێت بگوترێت کۆنگرێس و سەرۆکی ئەمریکا دەسەڵاتی هاوبەشیان هەیە بۆ ڕاگەیاندن و جێبەجێکردنی شەڕ لە دژی گرووپ و دەوڵەتانی بیانی. بۆ نموونە، هەندێک حاڵەت هەبووە کە سەرۆک بەبێ ڕەزامەندی و بڕیارنامەی کۆنگرێس هێزی سەربازی بەکارهێناوە. باشترین نموونە، جەنگی ڤێتنامە، کە سەرۆک ڕەزامەندی کۆنگرێسی وەرنەگرت لەم جەنگە. جگە لەمەش، لە مانگی ئازاری ٢٠١١ هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوبەشەکانی دژی ڕژێمی موعەمەر قەزافی لە لیبیا و لە ساڵی ٢٠١٤ شەڕی ئەمریکا لە دژی داعش و جێگیرکردنی هێزی سەربازی ئەمریکا لە سوریا لەلایەن کۆنگرێسەوە مۆڵەتی پێنەدرابوو (Shukri, 2020: 40).

پەیوەست بە شەڕ و دەستوەردانەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕاگەیاندنی شەڕی دژ بە تیرۆرەوە، ئەمریکا هەماهانگی و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەرێمی کوردستانی عێراق دروستکردووە. لە شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش هەماهەنگی و پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان دروست بوو بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن و لە ئەنجامدا ڕژێمی عێراق ڕوخا (Abdullah, 2015: 8 – 9). هەروەها، لە سەردەمی ئیدارەی باراک ئۆباما و بە تایبەتی لە شەڕی دژ بە داعش لە ساڵی ٢٠١٤، پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان زیاتر پەرەی سەند. بە جۆرێک پێشمەرگە، هێزی سەربازی هەرێمی کوردستان، لەسەر زەوی و هێزەکانی ئەمریکا و بە تایبەتی هێزی ئاسمانی ئەمریکی توانیان ڕووبەڕووی داعش ببنەوە و بیانڕوخێنن (The White House, 2014: 1). دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لە درەنگانی شەوی ٧ی ئابی ٢٠١٤، باراک ئۆباما هاتە سەر تەلەفزیۆن و وتی: ئەمریکا دێت بۆ یارمەتیدانی کوردەکان و پاراستنیان لە جینۆساید و ڕووبەڕووبوونەوەی داعش. ئەوە بوو لە ٨ی ئابی ٢٠١٤ دوو فڕۆکەی جەنگی ئەمریکا داعشیان بۆردوومانکرد لە نزیک هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان (Mahmod, Hoshman A. & Abdullah, Arez A., 2021: 22). هەروەها، دەربارەی ریفراندۆمی هەرێمی کوردستان، کە لە ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٧ ئەنجامدرا، و لە سەردەمی خولی یەکەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا، لەم ماوەیەدا جۆرێک لە سەردبوونەوە لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستان دروستبوو (ستاندەر، ٢٠١٨). ئەمەش ئەوە نیشاندەدات جۆرێک لە سارد بوونەوە هەبووە لە پەیوەندی ئەمریکا و هەرێمی کوردستان لە سەردەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، بە پێچەوانەوە لە سەردەمی ئیدارەی هەریەک لە جۆرج دەبلیو بوش و باراک ئۆباما پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لە نێوان ئەمریکا و هەرێمی کوردستاندا.

بەپێی دەستوری ئەمریکا، سەرۆکی ئەمریکا سەرۆکی دیپلۆماسی ئەمریکایە، بەڵام لە هەندێک بەرپرسیارەتی کۆنگرێس لەگەڵی بەشدارە. بەشێک لە کارە دیپلۆماسییەکانی سەرۆکی ئەمریکا چاوی بە نێردەی دیپلۆماسی و سەرۆکی دەوڵەتان دەکەوێت، پرسە هەستیارەکانی وەزارەی دەرەوە تاوتوێدەکات و رێککەوتننامە لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە دەکات. لەگەڵ ئەمانەدا هەندێک لە رێککەوتننامەکان پێویستییان بە رێژەی دوو لەسەر سێی ڕەزامەندی ئەندامانی کۆنگرێس هەیە. هەندێک لە رێککەوتننامەکان پێویستیان بە رەزامەندی کۆنگرێس نییە پێی دەڵێن رێککەوتننامەی جێبەجێکردن. هەروەها، لەدوای سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، سەرۆک کۆمار بەشێوەیەکی فەرمی دەبێتە سەرۆکی پارتەکەی. سەرۆکی ئەمریکا و کابینەکەی پێویستی بە متمانەی کۆنگرێس نییە. سەرۆکی ئەمریکا لە هەڵبژاردنی بەرپرسانی دەزگا کارگێری و جێبەجێکارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەواو ئازادە و پێویستی بە رەزامەندی کۆنگرێس نییە. واباوە سەرۆکی ئەمریکا ئەو کەسانە هەڵدەبژێرێت بۆ ئەو پۆستانە کەوا هاوبیری بوون و یارمەتیدەریبوون لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار (ئەمجەد، ٢٠٢٢: ١٩٥ – ٢٠١).

ماددەی دوو لە دەستوری ئەمریکا دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار لە کاروباری دەرەوە و هەموو بوارەکان دیارکردووە. میساقەکە، بە ڕاوێژ و ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیران، دەسەڵاتی دانانی باڵیۆز و پەیماننامە دەدات بە سەرۆک کۆمار. سەرۆک کۆمارەکان لە دامەزراندنی باڵیۆزەکان پێویستیان بە ڕەزامەندی زۆرینەی سادە هەیە و لە بەستنی پەیماننامەکان پێویستیان بە ڕەزامەندی دوو لەسەر سێی سیناتۆرەکانی ئامادەبوو هەیە. سەرۆک بۆ پشتگیریکردن لە کردەوەکانی سیاسەتی دەرەوەیان پشت بە برگەکانی دیکە دەبەستن، بۆ نمونە ڕۆڵیان وەک فەرماندەی گشتی سوپا و هێزی دەریایی. هەروەها لەم ڕێگایەوە کۆمەڵێک دەسەڵاتی بەرفراوانیان دەبێت، وەکو بەکارهێنانی هێزی سەربازی و کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری، دانان و لادانی باڵیۆزەکان، بەرێوەبردنی دیپلۆماسی لەگەڵ وڵاتانی دیکە و دەسەڵاتی ناڕاستەوخۆ بۆ داننان بە حکومەتە بیانییەکان. هەروەها سەرۆکەکان سوود لە دەسەڵاتە یاساییەکان وەردەگرن لە ڕێگای کۆنگرێس بە دەرکردنی یاسا بۆ کارکردن لەسەر پرسە تایبەتەکانی سیاسەتی دەرەوە. بۆ نموونە بە پێی یاسای ساڵی ١٩٧٧، دەسەڵاتە ئابوورییە فریاگوزارییە نێودەوڵەتییەکان، دەسەڵات دەدات بە سەرۆک کۆمار سزای ئابووری بەسەر دامەزراوە بیانییەکاندا بسەپێنێت (Masters, 2017: 3 – 4).

سەرۆکی ئەمریکا، بۆ ئەوەی سیاسەتی دەرەوە بە شێوەیەکی عەقڵانی و کاریگەر دابنێن، پێویستە چەند خاڵێک لەبەرچاو بگرن. وەکو: یەکەم، پێویستە زانیاری گرنگ دەستەبەربکەن سەبارەت بە پرسە دەرەکییەکان و هەر هەڕەشەیەک کە دەکەوێتە سەر ئاسایشی نیشتمانی وڵاتەکەیان. دووەم، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسییەکان ببنەوە، پێویستە کۆمەڵێک جێگرەوە و هەڵبژاردەی بەرفراوان ئامادە بکرێن و سوود و زیانەکانی هەر بەدیلێک بەهەند وەربگیردرێت. سێیەم، دەستنیشانکردنی خاڵە لاواز یان بەهێزەکان پێویستی بە هەڵبژاردەی پەسەندکراو و پێدانی فیدباکە (Shukri, 2020: 35 – 36).

دەستووری ئەمریکا دەسەڵاتەکانی سیاسەتی دەرەوە لە نێوان سەرۆک کۆماری ئەمریکا و کۆنگرێسدا دابەش دەکات. سەرۆکی ئەمریکا دەتوانێت لە شەش ڕێگای جیاوازەوە سیاسەتی دەرەوە دابڕێژێت و جێبەجێ بکات، هەروەها کۆنگرێس دەتوانێت وەڵامیان بداتەوە. ئەم ڕۆڵانە بریتین لە (Touzani, 2017: 39):

١. وەڵامدانەوەی ڕووداوە دەرەکی و جیهانییەکان.

٢.پێشنیارکردن بۆ کۆنگرێس و یاسادانان.

٣. گفتوگۆ و دانوستان لەسەر ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان.

٤. دەرکردنی بەیاننامەی سیاسی.

٥. جێبەجێکردنی سیاسەت.

٦. کردار و کردەوەی سەربەخۆ.

بە گشتی سەرۆکی ئەمریکا، کە لە هەمانکاتدا سەرۆکی حکومەتە و سەرکردایەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات، بە داڕێژەر، دروستکەر و جێبەجێکاری سەرەکی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەی سەرۆک کۆمار ئەکتەری سەرەکییە لە سیاسەتی دەرەوە، بەڵام بڕیاردان لەسەر سیاسەتی دەرەوە زیاتر بە ڕاوێژ دەبێت لەگەڵ کۆنگرێس و وەزارەت و دامودەزگا جیاوازەکان، وەکو وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ، سەرۆکی ئەرکانی هاوبەش، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA) (Touzani, 2017: 38).

## ٢.٢ جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا لە شێوازی مامەڵەکردنیان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا پەیوەستە بە جیهانبینی سەرۆکەکانەوە، چونکە سەرۆکەکانی ئەمریکا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان دەبێت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، هەر بۆیە زۆرێک لە سەرۆکەکان سیاسەتێکی دەرەکی تایبەتیان جێبەجێ کردووە. بۆ نمونە، لە بابەتی سیاسەتی دەرەوەدا، جیاوازییەکی ڕوون لە نێوان جیهانبینی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش و باراک ئۆباما هەبووە. لەلایەک، دیدگای پارێزگارانە یاخود کۆنسێرڤاتیڤی زاڵ بووە بەسەر ئیدارەی بوشدا. بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، ئیدارەی بوش زۆر سەرنجی لەسەر ئامرازە سەربازییەکان و کردەوەی تاکلایەنە یان هێزی ڕەق بوو. لەلایەکی دیکەدا، ئیدارەی ئۆباما پێیوابوو کە فاکتەری چارەنووسساز لە پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی ئەمریکا بریتین لە دانوستان و دیپلۆماسی. بۆیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە نێودەوڵەتییەکاندا، ئۆباما لە سیاسەتی دەرەوەیدا زیاتر پشتی بە هێزی نەرم و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە بەستبوو، نەک توانای سەربازی. هەروەها جیهانبینییەکانی دۆناڵد ترەمپ جیاوازن لە زۆربەی سەرۆکەکانی پێش خۆی. لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا، ترەمپ زۆر گرنگی بە بەرەوپێشبردنی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ نادات و باوەڕی زۆر بە سەرکردایەتی ئەمریکا نییە لە پاراستنی نەزمی نێودەوڵەتی لیبراڵی. جیهانبینییەکانی ترەمپ لەسەر بنەمای وازهێنان لە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان، لاوازبوونی هاوپەیمانییە سەربازییەکان و بەدەست هێنانی زۆرترین قازانجە ئابوورییەکانە. ئەم بنەمایانە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی دۆناڵد ترەمپ هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (Shukri, 2020: 38 – 39).

بێگومان لەسەردەمی پارتەکانی کۆماری و دیموکرات جیاوازی بەرچاو هەیە لە پلان و ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئەگەر چی مەبەست و کرۆکی جەوهەری دوو پارتەکە بەدەستهێنانی لایەنی زۆری بەرژەوەندییەکان و پاراستنی هەژموونی ئەمریکایە، بەڵام هەردوو پارتەکە شێواز و ڕێبازی جیاوازیان هەیە بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. پارتی کۆمارییەکان نوێنەرایەتی فکرەی ڕیالیزم دەکەن. توخمە سەرەکییەکانی ڕیالیزم لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بریتین لە: دەوڵەت سالاری و دەسەڵات سالاری. ڕیالیستەکان دەسەڵات بە بنەمای سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و نێودەوڵەتییەکان پێناسە دەکەن. ئەمە لە کاتێکدایە کە پارتی دیموکرات نوێنەرایەتی فکرەی ئایدیالیزم دەکەن. بنەمای سەرەکی ئەو فکرەیە باوەڕبوونە بە ئاشتەوایی و کۆمەڵگای مەدەنی و ناحکومییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتییەکاندا. بەمەش دیموکراسی و مافی مرۆڤ دوو ڕەهەندی گرنگی ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی دیموکراتەکانن (حوسێنی، ٢٠٢٠: ١٥٥).

ئایدۆلۆژیای حیزبی جۆرێکە لە ئایدۆلۆژیای گروپی و وەک هەر جۆرە ئایدۆلۆژیایەکی هاوبەشی دیکە، ماناکانی دەگۆڕدرێن. ئایدۆلۆژیای حیزبی کۆمەڵەیەکی بیرۆکەکانە کە وا دەکات ئەندامانی حیزب بتوانن نەخشێک لە ڕووداوەکانی دەوروبەریاندا هەست پێبکەن، ناسنامەیەکی گروپی و ڕێڕەوێکی کارکردن دابڕێژن. ئایدۆلۆژیای حیزبی ڕەنگە جیاواز بێت یان هاوبەش بێت لە ئایدۆلۆژیاکانی دیکە، کە لەلایەن کۆمەڵێک کەسی وەک لیبرالیزم، سۆشیالیزم، پێشکەوتووخواز، پارێزگار و پۆپۆلیزمەوە کارتێدەکرێت. لە مێژووی ئەمریکا، ئایدۆلۆژیای دوو پارتییە گەورەکە جیاواز بوون، ئایدۆلۆژیای پارتی کۆمارییەکان بەدوای مانا و ناوەڕۆکی پارێزگارانە یاخود کۆنسێرڤاتیڤیدا کەوتووە. ئایدۆلۆژیای پارتی دیموکرات بەدوای مانا و ناوەڕۆکی لیبرالیزم و پێشکەوتووخوازی کەوتووە. لە مێژووی ئەمریکادا دوو پارتییە سەرەکییەکە هەندێک ئایدۆلۆژیایان خستۆتە ڕوو کە ئەو شتانە لە قاڵب دەدات و سنووردار یان دەکات کە حیزبییەکان دەیکەن و دەیڵێن (Lewis, 2017: 31).

سەرۆکی ئەمریکا کاریگەری زۆری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی و گۆڕانکاری و شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. تەنانەت سیاسەت و بڕیارەکانی سەرۆک لە سیاسەتی دەرەوەدا بە پێی کات و بابەت گۆڕانی بەسەردادێت. بۆ نمونە، سیاسەتی باراک ئۆباما، بەر لەهاتنی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو لە عێراق و چیتر هێزی سەربازی نەنێرێت بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەمەش خۆی بەدووربگرێت لە دەستتێوەردانی سەربازی و ناوخۆی دەوڵەتان. ئۆباما لە چوارچێوەی ئەم سیاسەتەیدا هێزەکانی لە عێراق کشاندەوە لە ساڵی ٢٠١١. بەڵام دواتر هاتنی داعش بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، سیاسەتی دەرەوەی ئۆبامای گۆڕی و ناچاریکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش پەنا بباتە بەر هێز و دەستتێوەردانی سەربازی لە هەرێم و ڕۆژئاوای کوردستان، عێراق و سوریا. لەم چوارچێوەیەدا بۆ لەناوبردنی داعش باراک ئۆباما هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی فراوانی پێکهێنا (شکری، ٢٠٢١: ٤٦٧ – ٤٦٨).

بەشێک لە شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، پەیوەستە بە جیهانبینی، دیدگا و سیاسەتەکانی سەرۆکەکانەوە. بۆیە لێرەدا ئەم توێژینەوەیە بەراوردێک دەکات لە نێوان هەر یەک لە سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا، جۆرج دەبلیو بوش، باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ، سەبارەت بە شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ هەر یەک لە دەوڵەتانی ئێران، تورکیا و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١.

### ٢.٢.١. جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی جۆرج دەبلیو بوش، باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ، لە پەیوەندی و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئێراندا:

جۆرج دەبلیو بوش بۆچوونی وابوو ئێران هۆکاری سەرەکی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. بوش دیدگای وابوو کە ئێران هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسرائیل، ئارامی عێراق دەشێوێنێت، سپۆنسەری تیرور دەکات و نکوڵی لە پێدانی ئازادی بە هاوڵاتیانی دەکات و سەرکوتیان دەکات. لە دیدگای بوشەوە تاکە چارەسەر بۆ ئەم پرسانە دەست پێدەکات کاتێک کە ئێران دەستبەرداری هەڵسوکەوتەکانی ببێت و ئامادەبێت نیگەرانیەکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای

نێودەوڵەتی بڕەوێنیتەوە. بوش دەڵێت دەمانەوێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوڵەتەکان هەماهەنگی لەگەڵ یەکتری بکەن و ئاشتی و سەقامگیری بەرقەرار بکەن، بەڵام دەوڵەتێکی وەکو ئێران سپۆنسەری تیرۆر دەکات و بۆتە هۆی تێکدانی سەقامگیری و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (ساڵح، ٢٠٢٠: ١١٠).

لە سەردەمی باراک ئۆباما دانوستانە فرەلایەنەکان بۆ هەڵگرتنی بەشێک لەو سزایانەی سەر ئێران بوو بەمەبەستی سنووردارکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران. زۆربەی سزاکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٥ سزای لاوەکی بوون. هەڵگرتنی بەشێک لە سزاکانی ئەمریکا و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ساڵانی ٢٠١٠ تاوەکو ٢٠١٥ کاریگەری لەسەر بڕیاری ئێران بۆ چوونە ناو ڕێککەوتنی فرەلایەنەی ساڵی ٢٠١٥، پلانی گشتگیری کاری هاوبەش (( Joint Comprehensive Plan of Action (JCPOA)، کە سنوورێک بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دادەنرێت. لە ١٤ی تەمموزی ٢٠١٥ڕێککەوتننامەی JCPOA لەلایەن ئێران، ئەمریکا و پێنج دەوڵەتی دیکە (ڕووسیا، چین، بەریتانیا، ئەڵمانیا و فەرەنسا، یان گروپی٥ + ١) واژۆ کرا و بە ئەنجام گەیشت. ئیدارەی ئۆباما ڕێککەوتننامەکەی بە دەستکەوتێکی دیپلۆماسی بەرچاو ناوبرد، کە ئامانجی سەرەکی بەدیهێنانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و ڕێگریکردن بوو لە ئێران لە بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی بەبێ پەنابردنە بەر شەڕ (Blanchard, 2021: 69).

بەپێی پلانی گشتگیری کاری هاوبەش یان ڕیککەوتنی ئەتۆمی ساڵی ٢٠١٥، لە بەرامبەر کەمکردنەوە و هەڵگرتنی سزا ئابووریەکانی ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر ئێران، ئێران پێویستە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بوەستێنێت یان کەمی بکاتەوە و نیهێڵێت. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە ئێران ڕەزامەندی دەربڕیوە لەسەر کەمکردنەوەی دوو لەسەر سێی ژمارەی سەنتەرفیوجەکانی لە ماوەی ١٠ ساڵدا، دروستنەکردنی دامەزراوەی نوێی پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ماوەی ١٥ ساڵ، کان و کارگەکانی یۆرانیۆم ودانانی دامەزراوەی ئەتۆمی لە ژێر چاودێری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ((International Atomic Energy Agency (IAEA) و لە ماوەی ١٥ ساڵی داهاتوو پێویستە لەسەر ئێران کۆگاکانی یۆرانیۆمی پیتێنراوی کە لە ئێستادا هەیەتی کەمبکاتەوە و نەیهێڵێت. لە بەرامبەردا ئەمریکا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی سەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران (پریفتی، ٢٠٢٤: ٢٥٧).

ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ڕەخنەی لە ڕێککەوتننامەی JCPOA گرت وجەختی لەسەر ئەوە کردەوە ئەم ڕێککەوتنە ڕەفتار و چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێرانی سنوردار نەکردووە، بۆیە ڕەوایەتی پێنادات. هەروەها لە مانگی ئایاری ٢٠١٨، وەک هەوڵێک بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی ئێران بە شێوەیەکی فراوانتر، ئیدارەی ترەمپ ڕایگەیاند کە ئەمریکا لە JCPOA دەردەچێت و لەبری ئەوە زۆرترین فشار دەخاتە سەر ئابووری ئێران. هەروەها، سەرنجی ئیدارەی ئەمریکا لەسەر سەپاندن و جێبەجێکردنی سزای ئابووری هەمەلایەنەیە بەسەر ئێراندا. هەموو ئەو سزایانەی ئەمریکا کە بە مەبەستی جێبەجێکردنی JCPOA ڕاگیرابوون، لە ٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٨ەوە چالاککرانەوە. هەروەها سەرەرای ئەو سزایانەی کە لە پێش JCPOA هەبوون، ئیدارەی ترەمپ سزای نوێیان بەسەر ئێران داسەپاند. لەبەرامبەردا لە مانگی ئایاری ٢٠١٩، ئێران دەستی کردەوە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی کە لە سنوردارکردنی JCPOA دا هاتبوو ( Blanchard, 2021: 69).

بە گشتی پەیوەست بە ئێران، ئەمە ئەوە نیشاندەدات کەوا سەرۆک کۆمارە دیموکراتەکان وەک باراک ئۆباما زیاتر لە سەرۆک کۆمارە کۆمارییەکانی وەک جۆرج دەبلیو بوش و دۆناڵد ترەمپ پشت بە دیپلۆماسییەت یان هێزی نەرم دەبەستن نەک دەستێوەردانی سەربازی و فشاری ئابووری توند یان هێزی ڕەق.

**٢.٢.٢. جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی جۆرج دەبلیو بوش، باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ، لە پەیوەندی و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ تورکیادا:**

شەڕی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، جۆرێک کێشە و ساردبوونەوەی لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و تورکیا دروستکرد. کاتێک تورکیا بەشداری لە شەڕی عێراق نەکرد و ڕێگای نەدا خاکەکەی بە کاربێت لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دژی ڕژێمی سەدام حوسەین، جۆرج دەبلیو بوش دووبارە بە پەیوەندییەکانی ئەمریکا داچۆوە لەگەڵ تورکیا و ڕێگای دیکەی

گرتەبەر بۆ لێدانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣. ئەم شەڕەی عێراق نامتمانەیی و کێشەیەکی ڕژدی دروستکرد لە پەیوەندی نێوان ئەمریکا و تورکیا. تورکیا نە تەنها دوو دڵ بوو و بەشداری نەکرد لە شەڕی عێراق لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، بەڵکو سنور و بنکە سەربازییەکانیشی بە ڕووی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی داخست کە بڕیاربوو یەکێک لە ڕێگاکانی هێرش کردنە سەر عێراق بێت. لە ١ی ئازاری ٢٠٠٣، پەرلەمانی تورکیا ڕێگەی نەدا هێزە سەربازییەکانی تورکیا شەڕی دژی عێراق بکەن، هەروەها ڕێگەی نەدا هێزە بیانییەکان وەکو ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی خاک و بنکە سەربازییەکانی تورکیا بەکاربهێنن بۆ هێرش کردنە سەر عێراق (Guney, 2005: 347-353). بەمەش جۆرێک لە بێ متمانەیی و کێشە لە نێوان ئیدارەی ئەمریکا، لە سەردەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، و تورکیا دروست بوو.

لە دوای ٢٠٠٣، تورکیا وەکو هاوبەشی ستراتیژی* ئەمریکا گۆڕانی بەسەر داهاتووە. لە دوای شەڕی عێراق لە ٢٠٠٣، تاڕادەیەکی زۆر تورکیا لە هاوبەشی ستراتیژی سەربازییەوە گۆڕاوە بۆ تەنها هاوبەشی سیاسی و دیموکراسی، کە پێشتر بە تایبەتی لە سەردەمی جەنگی سارد تورکیا هاوبەشی ستراتیژی سەربازی ئەمریکا بوو. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٤، پۆڵ وۆڵفۆویتز (Paul Wolfowitz)، جێگری پێشووی وەزیری بەرگری ئەمریکا، ئاماژەی بەوە کرد کە: تورکیا وەکو هاوبەشی ستراتیژیمان گۆڕاوە و ئێستا وەک جاران نەماوە. لە ڕابردوودا ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەمای سەربازی دامەزرابوو. پێشتر باس لە پەیوەندییە سەربازییەکان دەکران، بەڵام لەم سەردەمەدا ئەم باسە داخراوە. بێگومان پەیوەندییە سەربازییەکان هەن بەڵام هاوبەشی ستراتیژی نوێ لەسەر بنەمای بواری سەربازی نییە بەڵکو لەسەر بنەمای سیاسەت و دیموکراسی دامەزراوە (Guney, 2005: 354). هەروەها، قەرز و بەخشینی هاوکاری سەربازی ئەمریکا کەمکراوەتەوە بۆ تورکیا، بۆ کڕینی چەک و ئامێری سەربازی. لە وتارێکدا ئێدوارد دێروینسکی (Edward Derwinski) ئەندامی پێشووی کۆنگریس لەسەر لیستی پارتی کۆمارییەکان کە سەر بە هەمان پارتی جۆرج دەبلیو بۆشە، بە ڕوونی هۆکاری کەمکردنەوەی یارمەتییە سەربازییەکانی خستەڕوو و گوتی:"ئێمە تەنها کاتێک هاوکاری سەربازی پێشکەش بە دەوڵەتان دەکەین کە ئامانجێکی سەربازی هاوبەش هەبێت (Guney, 2005: 344-345).

هەروەها لە سەردەمی باراک ئۆباما پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و تورکیا تاڕادەیەک ململانێ و گوشار خستنە سەر تورکیا بووە. پەیوەندی ئەمریکا و تورکیا لەسەر پێویستی ستراتیژیەتی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بریتین لە پاراستنی هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەکە، ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر دەست درێژییەکی دەرەکی دژی هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکا، هەڵوەشانەوەی ڕێکخراوە تیرۆرستییە دژ بە ئەمریکییەکان، ڕێگریکردن لە بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ و دەستەبەرکردنی هەناردەی ئازادی نەوت لە ناوچەکەوە بۆ بازاڕە جیهانییەکان. پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا کەمتر ململانێ بووە، چونکە تورکیا تاڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەم بەرژەوەندییانەی ئەمریکا لە ناوچەکە بپارێزێت. لەگەڵ ئەمەنەشدا، لەسەردەمی باراک ئۆبامادا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیا توشی گەلێک هەڵبەز و دابەز بووە بەهۆی زیادبوونی هەڕەشەکانی تورکیا لە دژی ئیسرائیل، پەرەسەندنی خواستی تورکیا بۆ فراوانکردنی کاریگەرییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاڵپشتی ناڕاستەوخۆی گوماناوی لە داعش (پریفتی، ٢٠٢٤: ١٩٦).

هەڵوێستی تورکیا سەبارەت بە ململانێی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، بە پشتیوانیکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستینی و ئیدانە کردنی سیاسەتی ئیسرائیل بە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تیرۆری دەوڵەتی، تورکیا سیاسەتی دەرەوەی خۆی بەرامبەر بە ئیسرائیل گۆڕی. لە سەردەمی ئیدارەی باراک ئۆباما و لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی داڤۆس، ململانێی تورکیا و ئیسرائیل گەیشتە ئاستێکی بەرز، کاتێک سەرۆک وەزیرانی تورکیا، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بە ئاشکرا ئیدانەی ئیسرائیلی کرد و تاوانباری کرد بە کوشتنی خەلکی سڤیل و بێتاوان. هەروەها، دوای نزیکەی ساڵێک لەسەر مشتومڕەکەی کۆڕبەندی داڤۆس، کێشەی نێوان هەردوو دەوڵەتەکە لەسەر ڕووداوی فلۆتیلای

* لە تشرینی دووەمی ١٩٩٩، لە کاتی سەردانی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، بیل کلینتۆن، بۆ تورکیا بیرۆکەی "هاوبەشی ستراتیژی" بۆ یەکەمجار بەکارهێنا. سەرچاوە: Guney, Aylin (2005), An Anatomy of the Transformation of the US-Turkish Alliance: From "Cold War" to "War on Iraq", Turkish Studies, Vol. (6), No. (3), P. 346.

غەزە گەیشتە ئاستێکی نوێ. کە تیایدا هێزە تایبەتەکانی ئیسرائیل لە هەوڵێکدا، بۆ ڕاگرتنی کاروانی چەند کەشتییەکی تورکیا بەر لە گەیشتن بە کەرتی غەزە، چەند هاووڵاتییەکی تورکیایان کوشت کە یەکێکیان لە ژێر ئاڵای تورکیادا بوو. لە کاتێکدا ئیسرائیل ئەو هەڵکوتانەی بە کردەوەی بەرگریکردن لە خۆی ناوبرد، تورکیا ئەو هەڵمەتەی بە کردەوەی "تیرۆریزمی دەوڵەتی" ئیدانە کرد (پریفتی، ٢٠٢٤: ٢٠١).

هەرچەندە تورکیا ئەندامی ناتۆیە هاوپەیمانی سەرەکی واشنتۆنە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئامادە نەبوو بەشداری لە ئۆپەراسیۆن و شەڕی دژ بە داعش بکات. تورکیا دەوڵەتێکی بەکێشە بوو بۆ بۆ هەڵمەتەکانی باراک ئۆباما لە دژی داعش. دوودڵی تورکیا لە وەڵامدانەوەی دەستدرێژیەکانی داعش گومانی زیاتری لە متمانەپێکراوی تورکیا وەک هاوپەیمانێک زیادکردووە. هەرچەندە لە سەرەتادا تورکیا ڕێگەی بە فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا دابوو کەوا بنکەی هێزی ئاسمانی ئینجەرلیک بەکاربهێنن و بەڵێنی دابوو بنکەیەک بۆ مەشق و ڕاهێنان بە ئۆپۆزسیۆنی سوریا دابمەزرێنێت، بەڵام بەڵێنەکانی جێبەجێ نەکرد. بەشێک لە لێکۆڵەرەوان تورکیا تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە لە ڕووی لۆجستی و داراییەوە پشتیوانی داعشی کردووە. هەروەها تورکیا ناوچەیەکە بۆ گواستنەوەی جیهادییەکان لە تورکیاوە بۆ سوریا. جگە لەوەش، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان بە بێدەنگی و بە هێمنی پشتیوانی لە ئیسلامییەکان دەکات لەنێویاندا توندڕەوەکان (Phillips, 2014: 355).

بە شێوەیەکی گشتی لە سەردەمی سەرۆکایەتی باراک ئۆبامادا، پەیوەندی نێوان ئەمریکا و تورکیا بە ململانێ، گوشار خستنە سەر تورکیا و هاوکاری تایبەتمەندە. ئەمریکا هاوکاری تورکیای کردووە بەوەی کە ئەمریکا وەک هاوسەنگکارێک ڕۆڵی گێڕاوە لە پاراستنی هاوسەنگی هێز، ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی هەژموونێکی ناوچەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پاراستنی تورکیا وەکو هاوپەیمانێکی جیۆستراتیژی. هەروەها لە سەردەمی ئیدارەی ئۆبامادا، هەردوو دەوڵەت لەسەر چەند پرسێک ناکۆکییان هەبووە، وەکو ڕەفتارە شەڕانگێزەکانی تورکیا بەرامبەر بە ئیسرائیل و پەرەسەندنی شوناسی تورکیا وەک دەوڵەتێکی لایەنگری ئیسلامی (پریفتی، ٢٠٢٤: ٢٠٥ – ٢٠٦).

هەروەها سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی خولی یەکەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر بە تورکیا لایەنگیری بووە. دۆناڵد ترەمپ لە پرسی سوریا، چەند جارێک بڕیاری کشانەوەی لە سوریا داوە و دواتر گۆڕانکاری لە بڕیارەکەیداکردووە. بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا زیاتر پەیوەست بووە بەبابەتی ستراتیژی نەبوونی سوریا، کۆتایی هاتنی داعش و کاریگەری دەوڵەتی تورکیا. بۆ نمونە دوای بوون بە سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٧، ترەمپ بەردەوام باسی کشانەوەی هیزەکانی دەکرد لە سوریا، بەمەش یەکەمین هەوڵی کشانەوەی هێزەکانی لە سوریا دا، کە لە ٢٩ی ئاداری ٢٠١٨ جەختی لەسەر ئەوە کردەوە هێزەکانیان لە سوریا دەکێشنەوە و پێویستە دەوڵەتانی ناوچەکە چارەسەری کێشەی سوریا بکەن (شکری، ٢٠٢١: ٤٧٣). ئەم هەڵوێستەی ترەمپ لە دوای پەیوەندییەکی تەلەفونی دێت لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک کۆماری تورکیا، لە ١٤ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨. بەڵام ئەم بڕیارەی ترەمپ نارەزایی زۆری لێکەوتەوە لەلایەن کۆنگرێس، وەزارەتی دەرەوە، بەرگری و ڕاوێژکارەکانی ترەمپ، کە پێیان وابوو هێشتا کاتی کشانەوەی هێزەکانیان نییە لە سوریا، بۆیە ترەمپ لە بڕیاری کشانەوە لە سوریا پاشگەزبوویەوە (شکری، ٢٠٢١: ٤٧٤ – ٤٧٥). ئامانجی تورکیا لە سوریا دامەزراندنی حکومەتێک بوو کە لایەنگری خۆی بێت لە دیمەشق. هەروەها تورکیا هەوڵی خۆ پاریزی دەدا لە کوردەکانی سوریا و هێزەکانی دیکە بەمەبەستی پاراستن و پارچەپارچە نەبوونی خاکی سوریا (پریفتی، ٢٠٢٤: ١٧٤). ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە پەیوەندییەکی بەهێز هەبووە لە نیوان ئەمریکا و تورکیا لەسەردەمی خولی یەکەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ. یەکێک لە هۆکارەکانی بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا بۆ ئەو پەیوەندییە بەهێزە دەگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەمریکا دەوڵەتێکی دامەزراوەییە و دامەزراوەکان کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە، بۆیە ترەمپ لە ژێر کاریگەری دامەزراوەکانی ئەمریکا پاشگەزبووەوە لە بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا.

بەهەمان شێوە ترەمپ دووبارە هەوڵی کشانەوەی لە سوریادا، کاتێک لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩ ئاماژەی بە کشانەوەی هیزەکانی ئەمریکادا لە سوریا و هەوڵی کۆتایی پێهێنانی شەڕیدا. ئەم بڕیارەی ترەمپ ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆری

ناوخۆی و دەرەکی بوویەوە. لە ناوخۆ ئەنجومەنی نوێنەران بە هەردوو پارتی دیموکرات و کۆمارییەکان بە زۆرینەی دەنگ لە دژی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا وەستانەوە. بەمەش دوای هەوڵێکی زۆر توانرا قەناعەت بە ترەمپ بهێندرێت بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا (شکری، ٢٠٢١: ٤٨٠ – ٤٨١). پەیوەست بە پرسی کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا و پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ڕۆژئاوای کوردستان دەتواندرێت بگوترێت، پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠١٤ بەتایبەتی دوای هاتنی داعش. هەروەها بەهۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوای کوردستان و ئەمریکا پەیوەندییەکی سەربازی بووە نەک سیاسی، بۆیە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردەکانی ڕۆژئاوا سیاسەتێکی ناسەقامگیر و ناجێگیرە (شکری، ٢٠٢١: ٤٦٠).

### ٢.٢.٣. جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ لە پەیوەندی و شێوازی مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئیسرائیل:

لەگەڵ ئەوەی بیروبۆچوونی لێکچوو هەیە لەسەر بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەمریکا لە نێوان باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ لە سیاسەتیان بەرامبەر بە ئیسرائیل، وەکو دابینکردنی ئاشتی و پاراستنی ئیسرائیل، بەڵام دیدگای جیاوازیش هەیە لە نێوان هەردوو سەرۆک لەسەر بابەتەکانی وەکو زەوی و سنورەکان، نیشتەجێبوونی جولەکەکان لە کەناری ڕۆژئاوا، قودس، ڕێکخستنە ئەمنییەکان و پەنابەران. دۆناڵد ترەمپ زیاتر و توندتر لە باراک ئۆباما بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیلی لەبەرچاو گرتووە (Zeedan, 2021: 1).

ئاڵۆزییەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین بەردەوامە و ساڵانە زیاتر دەبن. دانوستانەکان لە نێوان هەردوو حکومەت بۆ دەیان ساڵە بەردەوامە و تا ئێستاش لە ململانێیەکی ئاڵۆزدان و نەگەیشتوون بە چارەسەرکردن. سیاسەتی باراک ئۆباما هەوڵدان بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین و بەدیهێنانی ئاشتی لە ناوچەکەدا. لە سەردەمی ئۆبامادا چەندین هەوڵ بۆ دانوستاندن بۆ ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین ئەنجامدرا. لە مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٠، ئۆباما و هیلاری کلینتۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ڕایانگەیاند کە هەردوو حکومەت دەتوانن لە ماوەی ساڵێکدا ئاشتی بەدی بهێنن. دانوستانەکانی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەڵەستین بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە مانگی ئەیلول دەستیپێکرد. ئۆباما بانگهێشتی بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، و مەحمود عەباس، سەرۆک کۆماری فەلەستینی کرد. لە 1–2 ئەیلوولی 2010 لە واشنتۆن، و لە ١٤–١٥ی ئەیلوولی ٢٠١٠ لە شەرم ئەلشێخ هەردوو لایەن کۆبونەوە، بەڵام نەگەیشتن بە ئەنجام و ئۆباما شکستی هێنا لە هێنانەدی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین. هەروەها، ئیسرائیل لە سەردەمی ئیدارەکانی پێشوو وەکو بیل کلینتۆن و جۆرج دەبلیو بوش، زیاتر هەستی بە پشتیوانی دەکرد لە لایەن ئەمریکاوە، بە پێچەوانەی سەردەمی ئۆباما (Bahari, 2022: 281 – 282).

دوای سەرکەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠١٦، گۆڕانکاری لە شێوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا ئەنجامدا، و جیاواز بوون لە سیاسەتەکانی باراک ئۆباما. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان دۆناڵد ترەمپ و ئیسرائیل، ترەمپ پەیوەندییەکی باش و پتەوی لەگەڵ ئیسرائیل و بنیامین ناتانیاهۆ هەیە. لە ٦ی کانوونی دووەمی ٢٠١٧، ترەمپ قودسی وەک پایتەختی ئیسرائیل ناساند. هەروەها، ترەمپ فەرمانێکی ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرد بۆ ئامادەکاری بۆ گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە ئیسرائیل لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس. سیاسەتی دانپێدانانی قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل و دواتر گواستنەوەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تەلئەبیبەوە بۆ قودس، لەسەر بنەمای یاسایەکی گشتی کۆنگرێسی ئەمریکا بوو، ئەویش یاسای باڵیۆزخانەی قودس بوو کە لە ساڵی ١٩٩٥ پەسەندی کردبوو. سەرۆک کۆمارەکانی پێش دۆناڵد ترەمپ وەکو بیل کلینتۆن، جۆرج بوش و باراک ئۆباما ئەم یاسایەیان جێبەجێ نەکردووە، کە بەپێی برگەیەکی یاساکە ڕێگە بە سەرۆک کۆمار دەدات داوای دواخستنی جێبەجێکردنی یاساکە بکات بۆ ماوەی شەش مانگ و هەر شەش مانگ جارێک دواخستنەکە دووبارە بکاتەوە لەبەر هۆکاری ئاسایشی نیشتمانی. لە 14ی ئایاری 2018، باڵیۆزخانەی ئەمریکا بە شێوەیەکی فەرمی گواسترایەوە بۆ قودس، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ 70 ساڵەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئیسرائیل. لە بەرامبەر ئەمەدا، زۆرێک لە حکومەتەکانی جیهان و نەتەوە

یەکگرتووەکان سیاسەتەکەی ترەمپیان ئیدانە کرد و داوایان کرد ئەمریکا بڕیارەکەی بۆ ناساندنی قودس وەک پایتەختی ئیسرائیل بکشێنێتەوە، بەڵام دۆناڵد ترەمپ سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی و جێبەجێکردنی (Bahari, 2022: 286 – 289).

پەیوەست بە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و عەرەب یان گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی گشتی. لە لایەک، لە مانگی ئایاری ٢٠٠٩، بنیامین نەتانیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، هەوڵیدا باراک ئۆباما و تیمەکەی هان بدات بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن بۆ سووککردن و نەهێشتنی گۆشەگیری ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ناتانیاهۆ داوای لە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا، هیلاری کلینتۆن، کرد کە سەرکردەکانی عەرەبی ڕازی بکات کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵیدا کۆببنەوە بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. هەر لە هەمان کاتەدا، پادشای سعودیا، عەبدوڵلا بن عەبدولعەزیز، ڕەتیکردەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتی ئیسرائیلدا بکات (Musmar, 2020: 2). ئەمەش ئەوە نیشاندەدات، باراک ئۆباما و ئیدارەکەی شکستیان هێناوە لە ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی یاخود ناوچەکە بە گشتی، و گرنگییەکی زۆریان بە دروستکردنی ئەم پەیوەندییە نەداوە.

لە لایەکی دیکە، تا ڕادەیەک دۆناڵد ترەمپ توانی ئیسرائیل لە بەشێک لە دەوڵەتانی عەرەبی نزیک بکاتەوە. بۆ نمونە، ڕێکەوتننامەی (ئیبراهیم یا ئەبراهام) لە نێوان ئیسرائیل و ئیمارات، بە پشتیوانی ئەمریکا و بەتایبەتی دۆناڵد ترەمپ بوو. لە ڕێکەوتی ١٣ی ئابی ٢٠٢٠، لە سەدەمی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، بە سەرپەرەستی و چاودێری ئەمریکا ڕێکەوتننامەی ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و ئیماراتی عەرەبی واژۆکرا. لە ناو دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبیدا، ئیمارات یەکەمین دەوڵەتە لەگەڵ ئیسرائیل هاوپەیمانی بکات. هەروەها، لە ئاست دەوڵەتانی عەرەبیش لە دوای ئوردون کە لە ساڵی ١٩٩٤، و میسریش لە ساڵی ١٩٧٨، لەگەڵ ئیسرائیل هاوپەیمانیا کرد. کەواتە ئیمارات بە سێیەمین دەوڵەت دادەنرێت لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی، کە پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە (باوەجانی، ٢٠٢٠).

دۆناڵد ترامپ سەرپەرەشتی ئەم ڕێکەوتننامەیەی کرد. هەروەها، بە ڕەزامەندی هەر سێ لایەن (ئیسرائیل، ئیمارات و ئەمریکا)، ڕێکەوتننامەکە ناوی لێنراوە ڕێکەوتننامەی ئیبراهیم، کە بە عیبری و ئینگلیزی پێی دەگووترێت ئەبراهام. مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ حەزرەتی ئیبراهیم کە دەبێتە باوکی هەر سێ پێغەمبەرەکانی ئاینی ئیسلام، مەسیحی و یەهوودی لە ناوچەکەدا. زۆربەی کەسانی پسپۆر و شارەزای سەر بە هەر سێ ئاینەکە ئەم ناوەیان زۆر لا گونجاوە، و پێیان وایە دەکرێت ببێتە بنەما و ڕێگە خۆشکەر بۆ ئاشتی درێژخایەن لە نێوان هەر سێ ئاینەکە لە ئاست ناوچەکە و جیهاندا. جگە لە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران، زۆربەی هەرە زۆری سەرۆکی دەوڵەتان و وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئیسلامی، عەرەبی و جیهانی، لە ڕێگەی بەیاننامە و تویتەرەکانیانەوە، بە گەرمی پێشوازییان لەم ڕێکەوتننامەیە کرد و بە هیوا بەخش و ئەرێنییان دانا بۆ پەرەسەندنی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان (باوەجانی، ٢٠٢٠).

### ٣. دامودەزگا و ئاژانسەکانی سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست:

دەزگا کارگێڕی و جێبەجێکارییەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتین لە کابینە، فەرمانگە جێبەجێکارییەکان و دەزگای کارگێڕی کۆشکی سپی. لە ئەمریکا شتێک نییە بەناوی ئەنجومەنی وەزیران وەکو لە بەشێک لە دەوڵەتانی ئەوروپی و دەوڵەتانی دیکە هەیە، بەڵکو وەزیرانی کابینەی سەرۆک بریتیین لە سەرۆکی چەند فەرمانگەیەکی جۆراوجۆر. وەزیرانی ئەمریکا وەک یاریدەدەری سەرۆک کاردەکەن نەوەکو وەزیر، هەروەها ئەو دەسەڵات و هێزەی وەزیرانی دەوڵەتانی دیکەیان نییە. ژمارەی وەزیر و وەزارەتەکانی ئەمریکا بەپێی کات گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. لە کابینەی جۆرج واشنتۆن تەنها سێ وەزیر هەبووە کە بریتیبوون لە وەزیرانی کاروباری دەرەوە، جەنگ و خەزێنەداری. هەروەها پۆستی داواکاری گشتیش بە پلەی وەزیر بووە، بەڵام ناوی وەزیری لێنەنراوە. لەسەردەمی ئێستادا ئەمریکا خاوەنی ١٥ وەزارەتە کە

بریتین لە وەزارەتی کاروباری دەرەوە (Department of State)، وەزارەتی خەزێنەداری (Department of the Treasury)، وەزارەتی کار (Department of Labor)، وەزارەتی تەندروستی و کاروباری مرۆڤایەتی(Department of Health and Human Resources)، وەزارەتی نیشتەجێکردن و پەرەپێدانی شارستانی (Department of housing and Urban Development)، وەزارەتی بەرگری (Department of Defense)، وەزارەتی داد (Department of Justice)، وەزارەتی ڕێگاوبان (Department of Transportation)، وەزارەتی وزە (Department of Energy)، وەزارەتی ناوخۆ (Department of Interior)، وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ (Department of Homeland Security)، وەزارەتی جەنگاوەرانی کۆن (Department of Veteran Affairs)، وەزارەتی بازرگانی (Department of Commerce)، وەزارەتی پەروەردە (Department of Education) و وەزارەتی کشتوکاڵ (Department of Agriculture). لە دەسەڵاتی سەرۆک کۆماری ئەمریکایە وەزیرەکان، جێگرەکان، یاریدەدەرەکان و ڕاوێژکارەکانی وەزیر دەستنیشان بکات، بەڵام ڕەزامەندی ئەنجومەنی پیرانی پێویستە بۆ بە فەرمی دانانی ئەو کەسانە (ئەمجەد، ٢٠٢٢: ٢٠٠ – ٢٠٤).

لیژنەی سەرۆک کۆمار بۆ بەڕێوەبردن*، لە ساڵی ١٩٣٧، پرۆژەیەکیان پێشکەش بە کۆنگرێس کرد بەمەبەستی دامەزراندنی سیستەمێکی کارگێڕی بەهێز کە ئەنجامەکەی دامەزراندنی نووسینگە جێبەجێکارییەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا بوو. لە ئەیلولی ١٩٣٩، فرانکلین ڕۆزفێڵت بە فەرمانی ژمارە ٨٢٤٨ ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی فەرمانگە جێبەجێکارییەکانی سەرۆک کۆمار دەربڕی. ئەرکی ئەو دەزگایانە بریتییە لە یارمەتی دانی سەرۆک کۆمار لە ڕاییکردنی کارەکانی، پێشنیارکردنی بۆچوون و پرۆژەکان بۆ سەرۆک کۆمار. هەروەها ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی کۆشکی سپی لەگەڵ کۆنگرێس و خەڵک. لە ئێستادا ئەم دامەزراوانە پێکدێت لە ١٣ نووسینگەی جێبەجێکار، گرنگترینیان بریتین لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی (The National Security Council)، نووسینگەی کۆشکی سپی (The White House Office)، ئەنجومەنی ڕاوێژکارانی ئابووری (The Council of Economic Advisers)، نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی و بوودجە (The Office of Management and Budget)، ڕێکخراوی نەتەوەیی کۆنترۆڵی ماددە هۆشبەرەکان (The Office of National Drug Council)، نووسینگەی نوێنەرایەتی بازرگانییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (The Office of the United State's Trade Representatives)، نووسینگەی خانمی یەکەمی ئەمریکا (The Office of the first Lady) و نووسینگەی سیاسەتدانان لە بواری زانست و تەکنۆلۆژیا (The Office of Science and Technology Policy) (ئەمجەد، ٢٠٢٢: ٢٠٧ – ٢٠٨).

لەم بەشە و لە چوارچێوەی دامودەزگا و ئاژانسەکانی سەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئەم توێژینەوەیە باس لە چەند دامەزراوەیەکی گرنگ دەکات.

### ٣.١. وەزارەتی دەرەوە (Department of State):

دامەزراوە یاخود وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ١٧٨٩ دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. وەزیری دەرەوە پلەیەکی بەرزی هەیە لە ئەمریکا و بە ڕاوێژکاری یەکەمی سەرۆک کۆمار دادەنرێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەندامە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا. ئەمریکا لە دامەزراندنیەوە تاوەکو ئێستا خاوەن چەندین کەسایەتی زۆر بەهێز و کاریزمایە لە پۆستی وەزارەتی دەرەوە، کە زۆرجار خودی وەزیری دەرەوە و وەزارەتەکەی کاریگەری هەبووە لەسەر سەرۆکی ئەمریکا و سیاسەتی وڵات. بۆ نمونە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لەسەردەمی سەرۆک ڕیتشارد نیکسون، هینری کیسنجەر کەسایەتییەکی بەهێز و کاریزمای هەبووە. کیسنجەر ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە داڕشتنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەت، چین و کیشوەری

* Presidential Committee on Administrative Management.

ئەوروپا. هەروەها، ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە دۆزینەوەی ڕێگا چارە بۆ قەیرانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (حسين، ٢٠١٨: ٣٣١ – ٣٣٢).

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا یەکێکە لە کۆڵەگە سەرەکییەکان لە وێناکردن و دەستنیشانکردنی ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ڕۆڵ و کاریگەرییەکی زۆری هەیە. وەزارەتی دەرەوە سەرچاوەی سەرەکی زانیارییەکانە بۆ حکومەتی ئەمریکا. هەروەها حکومەتی ئەمریکا لە ڕێگای ئەم وەزارەتەوە هەڵوێستی خۆی نیشاندەدات دەربارەی هەر ڕووداو و قەیرانێکی نێودەوڵەتی کە بیەوێ لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە بکات یان چارەسەری بکات. وەزیری دەرەوە بە کەسی دووەمی ئەمریکا دادەنرێت لەدوای سەرۆک کۆمار لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. لەگەڵ ئەمانەشدا وەزارەتی دەرەوە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پشت بە ئامراز و ڕێکاری دیبلۆماسی دەبەستێت زیاتر لە داڕشتنی ستراتیژیەتی سەربازی، کە لەم بارەیەوە ڕۆڵی سنوورداره (حسين، ٢٠١٨: ٣٣٢). نمونەی چەند وەزیر و وەزارەتێکی دەرەوەی ئەمریکا کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا یاخود یارمەتیدەری سەرۆک بوون لە جێبەجێکردنی بەرنامە و سیاسەتەکانی سەرۆک لە ڕێگەی پەیوەندی دیپلۆماسی، ئەنجامدانی ڕێکەوتنامە و یاداشتنامە و پێدانی زانیاری بە سەرۆک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١.

دوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١ بۆ سەر ئەمریکا، کۆڵن پاول، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٠٥، هاوبیر لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا، یەکێک بوو لە لایەنگرانی سەرەکی دژ بە تیرۆرستان و قاعیدە. پێیوابوو پێویستە ئەمریکا بەدوای ئەو کەس، گروپ و دەوڵەتانەوە بگەڕێت کە لە هێرشەکەدا بەشداربوون. پاوڵ لە شوباتی ٢٠٠٣ زانیاری هەواڵگری پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد، کە تیایدا بانگەشەی ئەوەی دەکرد عێراق چەکی کۆمەڵکوژی هەیە و بەردەوام پەرەی پێدەدات. بۆیە فشاری ئەمریکای خستە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان کە لێکۆڵینەوە و پشکنین لە چەکی کۆمەڵکوژی عێراق بکەن. دوای ئەمە ئیدارەی ئەوکاتی ئەمریکا بەخێرایی هێرشی سەربازی پێشوەختەی کردە سەر بەغداد، لەگەڵ ئەوەی پاوڵ بەباشتری دەزانی ئەم هێرشە بۆ سەر عێراق لەگەڵ هاوپەیمانەکانیان ئەنجام بدرێت. لەگەل ئەمانەشدا لە بواری یارمەتییە دەرەکییەکانەوە، پاوڵ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای جێبەجێکرد بە دووهێندکردنی بوودجەی هاریکاری گەشەپێدان و فشار خستنەسەر هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕاگرتنی بەرنامەکانی چەکی ئەتۆمی ئێران، کۆریای باکور و لیبیا. بەمەش ئیدارەی ئەمریکا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ لیبیای ڕازیکرد بەدەستبەرداربوونی لە بەرنامەکانی چەکی ئەتۆمی (Office of the Historian, 2024).

کۆندۆلیزا رایس، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ تاوەکو ٢٠٠٩، و وەزارەتەکەی ڕۆڵ و کاریگەری زۆریان هەبووە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و یارمەتی سەرۆکی داوە لە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نمونە، لە ١٥ی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ لە واشنتۆن دی. سی. پایتەختی ئەمریکا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کۆندۆلیزا رایس، و وەزیری دەرەوەی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی، شێخ عەبدوڵلا بن زاید ئەلنەهیان، ڕێککەوتننامەیەکیان لە نێوان ئەمریکا و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی واژۆ کرد. ڕێککەوتننامەکەی نێوانیان بریتی بوو لە ڕێککەوتنی هاوکاری سەبارەت بە بەکارهێنانی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمی. لەمیانەی واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەکە رایس وتی، ئەمریکا دەیەوێت و خواستی لەسەر هاوکاری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستیە وزەییەکان، چەک و ئاسایش. وەزیری دەرەوە رایس ڕایگەیاند من و سەرۆک کۆمار، جۆرج دەبلیو بوش، هاوڕاین و دووپاتی دەکەینەوە کە پێویستە هێزی ئەتۆمی ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرانسەری جیهان. رایس وتی ئەمریکا دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی هەڵبژاردووە بۆ ئەوەی لە ڕێگای هاوردەکردنی سوتەمەنی ئەتۆمییەوە بەدوای وزەی ئەتۆمیدا بگەڕێت، نەک پەرەپێدانی تەکنەلۆژیای سوتەمەنی هەستیار و پیتاندنی یۆرانیۆم و دووبارە پرۆسێسکردنەوەی. هەروەها رایس ئاماژەی بەوەکرد ئێمە هاوبەش بووین لە ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو، لەگەڵ میسر، عێراق و ئوردن (U.S. Department of State, 2009).

پەیوەست بە یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن و یارمەتیدانی سەرۆک لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی، لە ٣ی شوباتی ساڵی ٢٠١٥، جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و ناسر جودە، وەزیری دەرەوەی ئوردن لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکا یاداشتێکی لێکتێگەیشتنیان لە نێوان ئەمریکا و ئوردن سەبارەت بە هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ ئوردن واژۆ کرد. ئەمەش دوای کۆبوونەوەی باراک ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا و شا عەبدوڵڵای دووەمی شانشینی هاشمی ئوردن لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤ لە واشنتۆن. تیایدا ئۆباما ڕایگەیاند کە ئەمریکا یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن بۆ هاوکاریکردنی ئوردن لەگەڵ زیادبوونی ئاستی پشتیوانی ئوردن نوێ دەکاتەوە. ئەم یاداشتنامە نوێیە، ڕەنگدانەوەی هاوبەشی ستراتیژی ئێمە و پابەندبوونی پتەوی ئەمریکایە بە سەقامگیری ئوردن. ئەمریکا و ئوردن ڕێککەوتنێکی هاوبەشیان هەیە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاسایش و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها پێشخستن و گەشەسەندنی ئابووری ئوردن و پێشخستنی چاکسازی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئوردن. ئەمریکا دان بە زیادبوونی پێداویستییەکانی ئوردندا دەنێت کە لە ئەنجامی نائارامییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرهەڵدەدات، وەکو شەڕی دژ بەتیرۆر و داعش، لێشاوی پەنابەران لە سوریا و عێراقەوە، پەککەوتنی دابینکردنی وزەی دەرەکی و جیاوازییە ئایدۆلۆژییەکان. یاداشتنامەکە بریتییە لە زیادکردنی هاوکارییە داراییەکانی حکومەتی ئەمریکا بۆ حکومەتی ئوردن لە ٦٦٠ ملیۆن دۆلارەوە بۆ یەک ملیار دۆلار لە ساڵێکدا بۆ ساڵانی ٢٠١٥ تاوەکو ٢٠١٧ (U.S. Department of State, 2015).

هەروەها، دوای بەشداریکردنی سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو تایبەت بە هاوکاری هاوبەش و دوورکەوتنەوە و شکستپێهێنانی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، ریکس تیلیرسۆن، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تاوەکو ٢٠١٨، پەیامێکی گرنگی بەناوی ئەمریکاوە ئاراستەی دەوڵەتانی کەنداوی عەرەبی کرد. تیلیرسۆن ڕایگەیاند، لەئێستادا دۆخی کەنداوی عەرەبی جێگای نیگەرانییە. گوتی ئەمریکا هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە بۆ شکستپێهێنانی پشتیوانی سەربازی، دارایی و ئایدیۆلۆژی تیرۆرستان. بەڵام ئەمە پێویستی بە هەماهەنگی و یەکانگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە. بۆیە دوای دروست بوونی ئەو ناکۆکییانەی نێوان قەتەر و دەوڵەتانی عەرەبی، ئەمریکا داوا لە هەریەک لە سعودیا، ئیمارات، بەحرەین و میسر دەکات گەمارۆکانی سەر قەتەر سوک بکەن یان نەهێڵن. هەروەها داوا لە قەتەریش دەکەین وەڵامدەری داواکاری دراوسێکانی بێت و نیگەرانییەکانیان بەهەند وەربگرێت (U.S. Embassy in Egypy, 2017). بە هەمان شێوە، مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٨ تاوەکو ٢٠٢١، لە ٨ تاوەکو ١٥ی کانونی دووەمی ٢٠١٩ لە سەردانێکی هەفتەیی بۆ نۆ دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای خستەڕوو و پابەندبوونی ئەمریکای بە ناوچەکە دووپات کردەوە. هەروەها هانی هاوبەش و هاوپەیمانەکانی ئەمریکای دا بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی چالاکییە تێکدەرانەکانی ڕژێمی ئێران (U.S. Embassy in Israel, 2019).

### ٣.٢. وەزارەتی بەرگری یان پێنتاگۆن (Pentagon):

بەپێی یاسای ژمارە ٢٥٣ی مانگی تەموزی ساڵی ١٩٤٧، وەزارەتی بەرگری یان پێنتاگۆن لە ئەنجامی یەکخستنی هەردوو وەزارەتی دەریایی و وەزارەتی جەنگی دامەزرا. وەزارەتی بەرگری لە دروستکردنی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا پێگەیەکی گرنگ و بەهێزی هەیە لەناو دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت، چونکە وەزارەتی بەرگری بەرپرسیارە لە هەموو ئەو کاروبار و پرسانەی کە پەیوەندییان بە ئاسایش و بەرگری ئەمریکاوە هەیە. وەزیری بەرگری پابەندە بە سەرۆکی دەوڵەت و یارمەتیدەر و هاوکاری سەرۆکە لە هەموو ئەو پرسانەی کە پەیوەندی بە ئاسایش و بەرگری وڵاتەوە هەیە. هەروەها دەستەی ئەرکانی گشتی هاوبەش لە وەزارەتی بەرگری ڕێنوێنی پێویستی سەربازی پێشکەش بە سەرۆکی ئەمریکا دەکات، وەزیری بەرگری سەرۆکی ئەم دەستەیە. سەرۆکەکانی ئەمریکا زۆرجار بەرلەوەی دەست بدەنە هەر کارێک لە سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا، پرس و ڕاوێژ بە وەزارەتی بەرگری دەکەن (حسین، ٢٠١٨: ٣٣٤).

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا بەرپرسیارە لە دڵنیابوون لە ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و سەرپەرشتیکردنی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا کە پێویستن بۆ ڕاگرتنی شەڕ و پاراستنی ئاسایشی ئەمریکا. وەزارەتی بەرگری پێک دێت لە

سەرۆک ئەرکانی هاوبەش، هێزی ئاسمانی ئەمریکا، هێزی دەریایی ئەمریکا، بەشەکانی سوپای ئەمریکا و چەندین دەزگای بەرگری و خزمەتگوزاری. وەزارەتی بەرگری لە ڕێگەی هێزی سەربازییەوە بناغەیەکی تۆکمە بۆ ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا دابین دەکات. فەرماندەی بەشە سەربازییەکانی سوپا، هێزی ئاسمانی و هێزی دەریایی بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی بەشە تایبەتەکانیان و مەشقکردن و دابینکردنی هێزی ئامادە بۆ شەڕ. فەرماندەکانیش بەرپرسیارن لە بەرامبەر سەرۆک کۆمار کە فەرماندەی گشتییە، و وەزیری بەرگری ئەمریکا کە دەسەڵات و کۆنترۆڵی بەسەر وەزارەتەکەیدا هەیە (Federal Register, 2025).

چەند نموونەیەک لە وەزیر و وەزارەتی بەرگری ئەمریکا کە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە لە یارمەتیدانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١:

لە١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، لە پنتاگۆن ١٨٩ کەس بوونە قوربانی و گیانیان لەدەستدا، کە بریتیبوون لە ٦٤ کەسی ناو فڕۆکەکە و ١٢٥ کەسی ناو باڵەخانەی پنتاگۆن. ئەمەش لە ئەنجامی ڕفاندنی فڕۆکەی ٧٧ی هێڵی ئاسمانی ئەمریکی و کێشانی بە باڵەخانەی پنتاگۆن (U.S. Department of Defense, 2008). لە دوای ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، وەزارەتی بەرگری ڕۆڵی گرنگ و سەرەکی گێڕا لە پرسی داڕشتن و دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا. کە تیایدا وەزارەتی بەرگری بەشێوەیەکی فراوان ڕۆڵی زیادیکرد، چونکە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی ئەمریکا پەیوەستکرا بە جەنگی دژ بە تیرۆر. بۆیە لەم کاتە بەدواوە ڕەزامەندی پسپۆر و شارەزایانی وەزارەتی بەرگری زیاتر وەردەگیرێت لە زۆربەی بڕیارەکانی سیاسەتی دەرەکی ئەمریکا بەتایبەتی لە جەنگ و بابەتی پەیوەست بە دژایەتی کردنی تیرۆر (حسین، ٢٠١٨: ٣٣٤ – ٣٣٥).

دۆناڵد رامسفێڵد، وەزیری بەرگری ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٠٦، و وەزارەتەکەی ڕۆڵی گرنگیان هەبوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و ئاڕاستەکردنی ئەمریکا دژ بە شەڕی تیرۆر. ئەم شەڕەش لە وەڵامی هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی سێپتەمبەر ٢٠٠١ بوو بۆ سەر ئەمریکا. دوای ١١ی سێپتەمبەر، رامسفێڵد فەرمانیدا بە پاراستنی سەرکردە نیشتمانییەکان، چالاککردنی ڕێوشوێنی بەرگری لە سەرانسەری وڵات و هێزەکانی ئەمریکای خستە ئامادەباشی لە سەرانسەری جیهان (McFadden, 2021). دوای ئەوەی جۆرج بوش، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، شەڕی دژی تیرۆر ڕاگەیاند، رامسفێڵد بوو بە جێبەجێکاری سەرەکی پلانە ستراتیژییەکان. ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٢ ئەفغانستانی داگیرکرد و لە ساڵی ٢٠٠٣ عێراقی داگیرکرد. دۆناڵد رامسفێڵد وەک وەزیری بەرگری لە کاتی جەنگی عێراقدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حوسێن. رامسفێڵد سەرپەرشتی شەڕێکی کرد کە زۆرێک دەیانگوت هەرگیز نەدەبوو ئەو شەڕە بکرێت، کە تێچووەکەی بریتیبوو لە گیان لەدەستدانی ٤٤٠٠ ئەمریکی و ٧٠٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی. لەگەڵ ئەمانەشدا دوای نەمانی رامسفێڵد وەک وەزیری بەرگری، هێشتا پێداگربوو لەسەر هەڵوێستەکانی و هیچ پەشیمانییەکی لە بڕیاری داگیرکردنی عێراق دەرنەبڕیوە، و ئاماژەی بەوەدا وازهێنان لە عێراق هەڵەیەکی ترسناک دەبێت و دوورخستنەوەی سەدام حوسێن جیهانێکی سەقامگیرتر و ئاسایشتری دروستکردووە (McFadden, 2021).

هەندێک جار لەسەر باباتێکی سیاسەتی دەرەوە یاخود چۆنیەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، دژ بوون و کێشە دەکەوێتە نێوان سەرۆک کۆمار و بەرپرس یان وەزیرێکی ئەمریکا. بۆ نموونە، کێشەی نێوان جەیمس ماتیس، وەزیری بەرگری ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٧ تاوەکو ٢٠١٨، و دۆناڵد ترەمپ، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە یەکەم خولی سەرۆکایەتی. ناکۆکی و کێشەکە گەیشتە ڕادەیەک، ماتیس نامەی دەست لەکار کێشانەوەی پێشکەش بە ترەمپ بکات و لە ئەنجامدا دەست لەکار بکێشێتەوە.

جەیمس ماتیس تیشکی خستە سەر چەند ناکۆکییەکی قووڵی سیاسی و گرژییە کەسییەکانی نێوان خۆی و دۆناڵد ترەمپ، بەتایبەتی سەبارەت بە ستراتیژی سەربازی و ڕۆڵی ئەمریکا لە ململانێکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کشانەوەی هێزی سەربازی ئەمریکا لە سوریا و ئەفغانستان. ماتیس پێی وابوو وازهێنان لە شەڕڤانانی ڕۆژئاوای کوردستان و هاوپەیمانەکانی دیکەی ئەمریکا و کشانەوە لە سوریا ڕادەستکردنی سوریا و ناوچەکەیە بە روسیا و ئێران (Cooper,

(2018. هۆکاری دەست لەکار کێشانەوەی ماتیس لە نامەی دەست لەکار کێشانەوەکەی ڕووندەکاتەوە، کە لە ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٨ ئاراستەی سەرۆکی ئەمریکا، دۆناڵد ترەمپی کرد. ماتیس تیایدا ئاماژە بە چەند خاڵێکی ناکۆک دەکات لەگەڵ ترەمپ لەسەر گۆڕانکاری و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. لە نامەکەدا ماتیس ئاماژە بە چەند هۆکارێک دەکات، وەکو: کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، وازهێنان لە هاوپەیمانان و پابەندبوونە ستراتیژییەکان، بۆچوونە جیاوازەکانیان لەسەر ڕووسیا و چین، بێ ڕێزی بەرامبەر بە سەرکردایەتی و دامەزراوە سەربازییەکان و بێبایەخکردنی ئامۆژگاری پسپۆڕان (Mattis, 2018).

دکتۆر مارک ئێسپەر وەک وەزیری بەرگری ئەمریکا لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٩ تاوەکو ٢٠٢٠ کاری کردووە. ئێسپەر وەک وەزیری بەرگری بەرپرسیار بوو لە پاراستنی گەلی ئەمریکا لە ناوخۆ و دەرەوە، دەستەبەرکردنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا و پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا. لە ماوەی کارکردنیدا وەک وەزیری بەرگری، ئێسپەر پەیوەندییە سەرەکییەکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵا لە سەرتاسەری دەمودەزگاکانی جێبەجێکردن، ئەندامانی کۆنگرێس، سەرکردە گەورەکانی بازرگانی، کۆمەڵێک هاوبەش و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی پەرەپێدا McCain) (Institute, 2025. ئێسپەر وەک وەزیری بەرگری هەنگاوی گەورەی لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ستراتیژی بەرگری نیشتمانیدا هاوێشت. داوای ئامادەکاری بۆ ململانێی چڕ و سەردەمێکی نوێی کێبڕکێی دەسەڵات کرد. ئێسپەر هێزی بۆشایی ئاسمانی و فەرماندەیی بۆشایی ئاسمانی دامەزراند. پێشنیاری گۆڕانکارییەکی گەورەی لە قەبارە و پێکهاتەی هێزی دەریایی ئەمریکادا کرد. وەزیری بەرگری زۆر کاری کرد بۆ بەهێزکردنی هاوپەیمانییەکان و گەشەپێدانی هاوبەشی نوێ. لە یەکێک لە کاتە قورسەکانی مێژووی ئەمریکادا، ئێسپەر سەرکەوتووانە سەرکردایەتی وەزارەتی بەرگری ئەمریکای کرد، وەک لە کاتی هەڵمەتی سەربازی بەردەوام لە ئەفغانستان و عێراق، لە ململانێ لەگەڵ ئێران و ئۆپەراسیۆنەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (McCain Institute, 2025).

### ٣.٣. ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا (National Security Council):

مەبەست لە ئاسایشی نیشتیمانی یان نەتەوەیی، ئاسایشی دەوڵەتە کە تیایدا خاک، دامەزراوەکانی و ئابووری پارێزراوبێت. لە پێناسەی ئاسایشی نەتەوەیی، نووسەری ئەمریکی واڵتەر لیپمان (١٨٨٩ – ١٩٧٤) Walter Lippmann، دەڵێت: "نەتەوەیەک خاوەنی ئاسایشە، کاتێک ناچار نەبێت بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆی بکاتە قوربانی لە پێناو ڕێگرتن لە جەنگ". بە شێوەیەکی گشتی مەبەست لە ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی، پاراستنی دەوڵەتە لە هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی بەتایبەت هەڕەشە سەربازییەکان. بەڵام لە ئێستادا چەمکی ئاسایش فراوانتربووە و ڕەهەندە ناسەربازییەکانیش دەگرێتەوە، وەک ئاسایشی وزە، ئابووری، خۆراک، ژینگە و هێرشە ئەلیکترۆنییەکان یان سایبەر (ساڵح، ٢٠٢١: ١٩ – ٢٠). هەروەها باری بۆزان (Barry Buzan)، زانای بەناوبانگی قوتابخانەی کۆپنهاگن، دەڵێت: "ئاسایشی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی پێناسە ناکرێت، بەڵکو تەنیا لە دۆخێکی دیاریکراودا پێناسە دەکرێت". بۆزان پێی وایە: "ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە توانای دەوڵەت بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامە و سەربەخۆیی" (ساڵح، ٢٠٢١: ٢٢).

لەگەڵ ئەوەی ڕەگ و ڕیشەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم کە ئەو کات ناودەبرا بە ژووری ڕەش و تاریک، لە ساڵی ١٩٥٢ لەسەردەمی ئیدارەی سەرۆکایەتی هاری ترومان ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی دروستبوو. پاڵنەری سەرەکی دروستبوونی ئەم دەزگایە بریتی بوو لە پێویستییەکانی جەنگی سارد کە لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران دابوو (حسین، ٢٠١٨: ٣٣٥).

لە پرسی ئیدارەدانی کەیسەکانی سیاسەتی دەرەکی و جیهانی، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بە یەکێک لە دامەزراوە و دەزگا شاراوەکانی حکومەتی ئەمریکا دادەنرێت. لەکاتی دامەزراندنی، ئەرکی سەرەکی ئەم دەزگایە لابردن و کردنەوەی هەموو شفرەکان، کۆدەکان و زانیارییە نهێنییەکان بوو. هەروەها بەدوواداچون و ڕێکخستنیان بوو. ئاژانسی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ژیانی سیاسی و سیاسەتی دەرەکیدا هەڵدەستێ بە هەواڵگری و بەدواداچوونی گشت ئەو پەیوەندییە بە تەل و بێ تەلانەی کە بە ئەمریکاوە دەکرێت جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆ یاخو دەرەوەی ئەمریکاوە

بێت، تەنانەت نهێنییە تاکە کەسییەکانیش دەگرێتەوە. بەم شێوەیە یەکێک لە کارەکانی ئەم دەزگایە کۆکردنەوەی زانیاری و سیخوڕییە بە مەبەستی پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا و بەکارهێنانی لەکاتی پێویست بەتایبەتی لەکاتی قەیرانە سیاسی، ئەمنی و ئابوورییەکان. بەم شێوەیە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا هەڵدەستێ بە کۆکردنەوە و ناردنی زانیاری ورد و گرنگ بۆ ئیدارەی ئەمریکا دەربارەی پرسەکانی ئاسایشی ئەمریکا. بەمەش یارمەتی دەری سەرەکی ئیدارەی ئەمریکا دەبێت بۆ وەرگرتنی بڕیارە یەکلاکەرەوەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکان. بۆ نمونە، لە یەکلاکردنەوەی بڕیارەکانی ئاسایشی دەرەکی تایبەت بە بابەتی پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی (حسین، ٢٠١٨: ٣٣٦).

ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی دامەزراوەیەکی زۆر گرنگی ئەمریکایە. ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی پێکدێت لە سەرۆکی ئەمریکا، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، وەزیرانی دەرەوە، بەرگری، گەنجینە یان خەزێنەداری، سەرۆکی ئەرکانی سوپا، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری یان ئاژانسی زانیاری ناوەندی (سی. ئای. ئەی.)، هەروەها ژمارەیەک ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی بانگهێشتی کۆبونەوەکان دەکرێن. سەرۆک کۆمار سەرپەرشتی کۆبوونەوەکان دەکات و لەکاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک کۆمار، جێگرەکەی سەرۆکایەتی کۆبونەوەکان دەکات. بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پێشوەختە پلانی بۆ دادەڕێژرێت و بڕیارەکانیش دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێت (ئەمجەد، ٢٠٢٢: ٢١١).

چەند نمونەیەک لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١:

ئەمریکا، لەدوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ لە دژی ناوەندی دارایی وڵاتەکەی لە نیویۆرک، بارەگای سەربازی جیهانی لە پنتاگۆن و سیستەمی گواستنەوەی ئاسمانی مەدەنی، بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی خۆیان و پاراستنی هاوڵاتیانی بە خێرایی و داهێنەرانە وەڵامیان دایەوە. ئەمریکا چەندین دەزگای نوێی حکومی دامەزراند، وەکو وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ، بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری نیشتمانی و سەنتەری نیشتمانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، هەروەها چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دەرەوەی ئەمریکا ئەنجامدا بە مەبەستی نەهێشتنی هەڕەشەکان و بەرزکردنەوەی سەقامگیری و ئاسایشی نیشتیمانی وڵات. بۆ نمونە لە ماوەی ٢٠ ساڵ لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٢١، ئەمریکا سەرکردایەتی هاوپەیمانییە نێودەوڵەتییەکانی کرد بۆ سێ شەڕی گەورە لە ئەفغانستان، عێراق و دژی گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و سووریا (داعش)؛ هەروەها ئەمریکا ئۆپەراسیۆنی سەربازی و هەواڵگری لە دەیان دەوڵەتی دیکە ئەنجامداوە. بەمەش ئەمریکا لە دوای ١١ی سێپتەمبەرەوە بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی و نەتەوەیی بە تێچووی ستراتیژی، مرۆیی و ماددی گەورە، سەرکەوتن ودەستکەوتی گرنگی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی هێنا ئاراوە (Katulis, 2021)

کۆندۆلیزا ڕایس لە کانونی دووەمی ٢٠٠١ تاوەکو کانونی دووەمی ٢٠٠٥، وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا لە کابینەی جۆرج دەبلیو بۆش کاریکردووە. لەدوای هێرشەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، کۆندۆلیزا ڕایس سەلماندی کە ڕاوێژکارێکی گرنگ و کاریگەرە بۆ جۆرج دەبلیو بوش. ڕایس پشتگیری لە هێرشەکانی سەرکردایەتی ئەمریکا کرد بۆ سەر ئامانجە تیرۆریستییەکان و تاڵیبان لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠٠١، و داکۆکی لە ڕووخاندنی سەرۆک کۆماری عێراق، سەدام حسێن، دەکرد لە ساڵی ٢٠٠٣. هەروەها کاتێک ئیدارەی ئەمریکا ڕەخنەی زۆری لێگیرا و ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بوویەوە لە جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ و مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١، ڕایس بە توندی بەرگری لە سیاسەتی جۆرج دەبلیو بۆش کرد. کۆندۆلیزا ڕایس پێی وایە عێراق و جیهان بەبێ سەدام حوسێن باشترە. هەروەها وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، کۆندۆلیزا ڕایس، ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە بۆ وەڵامی ئەمریکا بۆ هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ی ئەیلوولی ٢٠٠١ و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی ئیدارەی بوش لە شەڕی دژی تیرۆر (Washington Post, 2021). کۆشکی سپی لە ٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣ پێکهێنانی گروپی سەقامگیری عێراقی ڕاگەیاند، کە تیایدا کۆندۆلیزا ڕایس وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا سەرۆکایەتی بکات. گروپەکە لە چوار لیژنەی هەماهەنگی پێکدەهات کە بریتیبوون لە

بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر، کاروباری سیاسی، گەشەپێدانی ئابووری و پەیوەندییە میدیاییەکان. لیژنەکان چوار لە جێگرەکانی کۆندۆلیزا ڕایس سەرۆکایەتیان دەکرد و جێگری وەزیرانی وەزارەتەکانی دەرەوە، بەرگری، گەنجینەی ئەمریکا و نوێنەری سی ئای ئەی لەخۆ دەگرت (CNN, 2023).

سوزان ڕایس، لە ١ی تەمموزی ٢٠١٣ تاوەکو ٢٠ی کانونی دووەمی ٢٠١٧، وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە کابینەی باراک ئۆباما خزمەتی کردووە. لەم ماوەیەدا ڕایس سەرکردایەتی ستافی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی کردووە و سەرۆکایەتی لیژنەی سەرۆکەکانی ئاسایشی نیشتمانی لەسەر ئاستی کابینەی حکومەت کردووە. هەروەها کۆبوونەوەی ئاسایشی نیشتمانی بۆ سەرۆک کۆمار ڕێکخستووە، بەرپرسیار بووە لە دارِشتن و جێبەجێکردنی هەموو لایەنەکانی سیاسەتی دەرەوە، هەواڵگری، هەوڵە سەربازییەکان و ئاسایشی نیشتمانی کابینەی باراک ئۆباما. ڕایس وەک ئەندامی کابینەی ئۆباما کاریکرد بۆ پێشخستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، بەرگریکردن لە بەها گشتگیرەکان و بەهێزکردنی ئاسایش و خۆشگوزەرانی جیهان. ڕایس توانای ئەمریکای بەهێزتر کرد بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی و گەلی ئەمریکای سەلامەتتر کرد (American University, 2025). لە ماوەی نێوان ٦ تاوەکو ٨ ی ئازاری ٢٠١٤، سوزان ڕایس ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا گەشتێکی بۆ ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی ئەنجامدا. لە ئیمارات گفتوگۆی دوولایەنەی بەرهەمدار لەگەڵ محەمەد بن زاید شازادەی جێنشینی ئەبوزەبی و بەرپرسانی باڵای دیکەی ئیماراتی، لەنێویاندا وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکی ئاسایشی نیشتمانی ئەنجامدا. لە کۆبوونەوەکاندا بیروڕایان لەبارەی چەندین بابەتی ناوچەیی ئاڵوگۆڕ کرد، لەوانە ئێران، سوریا، لیبیا، یەمەن، میسر، و پرسی ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هاوبەشی ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو (The White House, 2014). جۆن ڕۆبێرت بۆڵتۆن، لە نیسانی ٢٠١٨ تاوەکو ئەیلولی ٢٠١٩، وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی لە کابینەی دۆناڵد ترامپ کاریکردووە (Collins, 2025). جۆن بۆڵتۆن وەک سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا بەرپرسیاربووە لە چەسپاندنی زانیارییەکان لە دەزگای ئاسایشی نیشتمانی و گەیاندنی ڕاسپاردەی دروست بۆ دۆناڵد ترامپ. بەهۆی نزیکیی بۆڵتۆن لە سەرۆک ترامپ، وایکردووە پێگەیەکی باشی هەبێت لە کارنامەی سیاسەتی دەرەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆڵتۆن و مایک پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، هەڵوێستی سیاسی هاوشێوەیان هەبووە سەبارەت بە پرسە جیاوازەکان بەتایبەت لە پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. هەروەها بۆڵتۆن لەگەڵ جەیمس ماتیس وەزیری بەرگری ئەمریکا، بۆچوونی هاوشێوەیان هەبووە کە پشتگیرییان لەهێرشی سنووردار کردووە لە سوریا و بانگەشەیان کردووە بۆ بەردەوامبوونی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، بەڵام ڕەنگە بۆچوونی پێچەوانەیان هەبووبێت لەسەر ئەنجامدانی هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەر پێگەکانی ئێران لە سوریا یان بۆ سەر ژێرخانی ئەتۆمی لە خودی ئێراندا، کە بۆڵتۆن لەگەڵ ئەنجامدانی ئەو هێرشانە بووە و پێدەچێت ماتیس ڕێگەیەکی وریاتری گرتبێتەبەر (Montgomery, 2018).

### ٣.٤. دەزگای هەواڵگری ناوەندی (Central Intelligence Agency – CIA):

کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمریکا (The United States Intelligence Community – CI)، فیدراسیۆنێکە ئامانجیان پشتیوانیکردنە لە سیاسەتی دەرەوە، پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو لایەنانەی کە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەڕەشە لە ئەمریکا و ئاسایشەکەی دەکەن. کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمریکا پێکهاتووە لە کۆمەڵێک دامەزراوە و دەزگای جێبەجێکار کە بەشداری لە چالاکی هەواڵگری و ئاسایش دەکەن و زانیاری لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ دەکەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشانەی کە زیان بە ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا دەگەیەنن. ژمارەی ئەم دامەزراوانە بریتین لە هەژدە دەزگا، نۆ لەم دەزگایانە سروشتی سەربازییان هەیە و سەر بە وەزارەتی بەرگری یاخود پنتاگۆنی ئەمریکان، هەروەها دوو دەزگای سەربەخۆ کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە سەرۆکی ئەمریکاوە هەیە، لەگەڵ حەوت دەزگای مەدەنیش کە پەیوەستن بە هەندێک لە وەزارەتە خاوەن سەروەرییەکانەوە. ئەم دەزگایانە زۆر لە ئەرکەکانیان لە دەرەوەی ئەمریکا ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا هەندێکیان کۆمەڵێک ئەرک لە ناوەوەی ئەمریکا ئەنجام دەدەن، بە تایبەت سەبارەت بە دژە هەواڵگری و سیخوڕی (الجزيرة، ٢٠24).

بەڕێوبەری دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی ئەمریکا سەرۆکایەتی ئەم کۆمەڵە هەواڵگرییە دەکات. ئامانجی کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمریکی بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری پێویست بۆ سەرۆکی ئەمریکا، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوە، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و بەرپرسانی تری دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسیارێتیەکانیان. هەروەها، مامەڵەکردن لەگەڵ هەر لایەنێکی دوژمنکارانە و گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ پاراستنی ئاسایشی ئەمریکا. لەگەڵ ئەمانەشدا، کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە چالاکییە هەواڵگرییەکان کە ئاراستەی ئەمریکا دەکرێن، چالاکییە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان، چالاکییەکانی بازرگانیکردن بە ماددە هۆشبەرەکان. لەگەڵ ئەنجامدانی ئەرکی تایبەت بۆ پشتگیریکردن لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا (الجزيرة، ٢٠24).

کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمریکا لە چەندین دەزگا پێکدێت، وەکو دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری، دەزگای هەواڵگری ئاسمانی و چاودێری و سیخوڕی، ئاژانسی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، فەرمانگەی سیخوڕی نیشتمانی، دەزگای هەواڵگری بەرگری، هەواڵگری سەربازی، هەواڵگری هێزی دەریایی ئەمریکا – مارینز، فەرمانگەی هەواڵگری دەریایی، دەزگای نیشتمانی هەواڵگری جیۆگرافی، ناوەندی هەواڵگری هێزی بۆشایی ئاسمانی، هەواڵگری وەزارەتی وزە، دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی وزە، دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی گەنجینە، فەرمانگەی هەواڵگری و شیکاری، دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی داد، بەشی هەواڵگری FBI، فەرمانگەی هەواڵگری ئاسایشی ناوخۆ، دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆیی، هەواڵگری پاسەوانی کەناراوەکان، دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی دەرەوە، فەرمانگەی هەواڵگری و لێکۆڵینەوە، دەزگا سەربەخۆکان، نووسینگەی بەڕێوەبەری هەواڵگری نیشتمانی، بودجە و دارایی، دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA) (الجزيرة، ٢٠24).

لەبەر زۆری ژمارەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و فراوانییان، ئەم توێژینەوەیە تەنها باس لە دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA)ی ئەمریکا دەکات. هەروەها، چەند نمونەیەک لە ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA)ی ئەمریکا لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١ باس دەکات.

دەزگای هەواڵگری ناوەندی کە بە سی ئای ئەی ناسراوە لە ١٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٤٧ بەپێی یاسای ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بە ژمارە ٤٩٧ دامەزراوە. بۆ پێشکەشکردنی زانیاری سیخوڕی و هەواڵگری بە ئەمریکا، ئەم دامەزراوەیە وەک چەکێکی پێویست و کاریگەر بە شێوەیەکی فەرمی ناسێنرا و دانپێنرا لە ئەمریکا. ئەم دەزگایە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئەم دامەزراوەیە پێگەیەکی جیاواز و گرنگی هەیە لە نێو دەزگاکانی دیکەی جێبەجێکاری ئەمریکا، چونکە ئەم دامەزراوەیە ڕاستەوخۆ وابەستە و جێگای متمانە و باوەڕی سەرۆک کۆماری ئەمریکایە. سی. ئای. ئەی. لە چەندین بەش و لقی تایبەت و جیا پێکدێت، وەکو پسپۆڕی بەڕێوەبردنی کودەتاکان، کە تایبەتە بە زانیاری نهێنی پەیوەست بە کودەتاکان، هەروەها بەشی تایبەت بە دەستتێوەردانی لەناکاو و خێرا. ئاژانسی زانیاری ناوەندی چەندین ئەرکی گرنگی لە ئەستۆدایە، لەوانە پێدانی ڕاپۆرت بە سەرۆکی ئەمریکا بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان لە ڕێگای ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی، هەروەها هەوڵی قەناعەت پێکردنی سەرۆک دەدات لە ڕێگای پێدانی ڕاپۆرت و زانیارییەکان سەبارەت بە بوونی هەڕەشە و مەترسییەکان لەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەمریکا و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا. لەگەڵ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی دەرەوەی ئەمریکا، سی ئای ئەی هەوڵی پێشکەشکردنی بەرنامە و پلان و گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست دەدات بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرپەرچ دانەوەی هەموو مەترسی و هەڕەشەکانی سەر ئەمریکا (حسين، ٢٠١٨: ٣٣٧).

دەزگای هەواڵگری ناوەندی یاخود سی ئای ئەی دەزگایەکی حکومەتی ئەمریکایە کە زانیاری هەواڵگری لەسەر دەوڵەتانی دەرەوە و پرسە جیهانییەکان دەدات بە سەرۆک، داڕێژەرانی سیاسەت، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی و چەند دامەزراوەیەکی دیکەی ئەمریکا بۆ ئەوەی یارمەتیان بدات لە بڕیاردان لە ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا. سی ئای ئەی کاردەکات بۆ وەستاندنی هەڕەشەکان پێش ئەوەی ڕوو بدەن، بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکا، کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری بیانی، ئەنجامدانی کردەوەی شاراوە بەپێی ڕێنمایی سەرۆک، شیکاری بابەتی

بەرهەمهێن. هەروەها لەگەڵ کۆمەڵەی هەواڵگری، وەزارەتی بەرگری و دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسا کاردەکات لەسەر زۆر پرسی ئاڵۆز لە بەرەنگاربوونەوەی هەواڵگرییەوە تا بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر (Central Intelligence Agency, 2021).

لە دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش فەرمانی بە جۆرج تێنێت، بەڕێوەبەری هەواڵگری ناوەندی، کرد کە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە و لایەنگرانی تاڵیبان لە ئەفغانستان دەستپێبکات. داوای لە سی ئای ئەی کرد کە زانیاری هەواڵگری وکرداری کۆبکاتەوە بۆ یارمەتیدان و داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. دوای ١٥ ڕۆژ لە هێرشەکان بۆ سەر خاکی ئەمریکا یەکەم تیمی ئەفسەرانی سی ئای ئەی لەسەر خاکی ئەفغانستان دەستیان بەکارەکانیانکرد. سی ئای ئەی بۆ چەند ساڵێک پێش ١١ی سێپتەمبەر لە ئەفغانستان بوونی هەبوو و جێگیربوو. ئەمە ببوە هۆکاری ئەوەی ئەفسەرانی سی ئای ئەی زمان و مێژوو و کولتووری ناوچەکەیان دەزانی و لە دۆخێکدا بوون کە بە خێرایی دژی تاڵیبان هەنگاو بنێن. لە دەستپێکی کارەکەیان لە ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٠١دا، تیمی سی ئای ئەی توانی بە خێرایی زانیارییەکی زۆر و گرنگ کۆبکەنەوە دژ بە تاڵیبان. ئەمریکا بە هاوکاری تیمەکانی سی ئای ئەی، کۆمەڵەی هەواڵگری ئەمریکا، سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئەمریکا سەرکەوتنی خێرای بەدەستهێنا. لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگدا تا سەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ ڕژێمی تاڵیبان ڕووخێنرا و ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکردایەتی ئەلقاعیدە کوژران یان دەستگیرکران (Central Intelligence Agency, 2021).

**٤. دەرئەنجام:**

لە ئەنجامدا و پاڵپشت بە پرسیارەکانی توێژینەوە، ئەم توێژینەوەیە گەیشت بەو ئەنجامەی کەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەری زۆری هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ تاوەکو ٢٠٢١، بەم شێوەیەی خوارەوە:

دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەتایبەتی سەرۆک کۆماری ئەمریکا، کە بە پێی دەستور باڵاترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکایە، زۆرترین کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. سەرۆک کۆماری ئەمریکا وەک ئەندازیاری سەرەکی سیاسەتی دەرەوە کاردەکات. بۆ نمونە، سەرۆک پێشنیاری یاسا دەکات، ڕەشنووسی بوودجە و ڕاپۆرتی ساڵانەی ئابووری بۆ کۆنگرێس دەنێرێت، فەرماندەی گشتی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکایە، دەسەڵاتی دانانی وەزیرەکان، باڵیۆزەکان و پلە باڵاکانی ئەمریکای هەیە، دەسەڵاتی ئەنجامدانی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی هەیە بە ڕەزامەندی کۆنگرێس، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی سیاسەتی هەیە، دەسەڵاتی وەڵامدانەوەی ڕووداوە جیهانییەکان و دەرکردنی بەیاننامەی سیاسی هەیە.

سەرەڕای ئەو ئەرکانەی سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا کە بەهۆیەوە ڕۆڵ و کاریگەرییەکی گەورەیان دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و سەرۆک بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکایە، زۆرجار ئاراستەکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەستە بە جیهانبینی و دیدگا جیاوازەکانی سەرۆکەکانەوە و تەنانەت سیاسەت و بڕیارەکانی سەرۆکەکان بە پێی کات و بابەت گۆڕانی بەسەردادێت. بۆ نمونە، لە پەیوەندی و شێوازی مامەڵەکردنی سەرۆکەکانی ئەمریکا لەگەڵ هەریەک لە ئێران، تورکیا و ئیسرائیل. ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەریەک لە سەرۆکەکانی ئەمریکا جۆرج دەبلیو بوش، باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ جیاواز بووە بەرامبەر بە هەر یەک لە دەولەتەکانی ئێران، تورکیا و ئیسرائیل.

زۆر جار دەسەڵاتی جێبەجێکردن توانیویەتی گۆڕانکاری لە شێوازی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکەن نەک گۆڕانکاری لە ستراتیژیەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ نمونە، زۆرێک لە سەرۆکەکان سیاسەتێکی تایبەتیان جێبەجێکردووە. وەکو، لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران و بە تایبەتی لە ڕێککەوتنی پلانی گشتگیری کاری هاوبەش (JCPOA) لە نێوان ئێران و ئەمریکا و گروپی ٥ + ١، جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوان ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوش، باراک ئۆباما و دۆناڵد ترەمپ هەبوو.

هاوکار لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کۆمەڵێک دامودەزگای جێبەجێکردن هەن کە بەشدارن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە. ئەم دامەزراوانە یارمەتیدەرن بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی سەرۆکی ئەمریکا، کە بریتین لە ١٥ وەزارەت و ١٣ نووسینگەی جێبەجێکاری سەرۆک کۆمار. ئەم بەشە باس لە چەند دامودەزگایەکی گرنگ دەکات، وەکو، وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری، ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا و دەزگای هەواڵگری ناوەندی (CIA). ئەم دامودەزگایانە کاریگەرییان لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەیە. بۆ نمونە، وەزارەتی دەرەوە بەرپرسیارە لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەکان، دانوستان لەسەر ڕێککەوتنەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری دەرەوە. وەزارەتی بەرگری بەرپرسیارە لە جەنگەکان و سەرپەرشتی هێزەکانی ئەمریکا دەکات لە دەرەوە. بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی دەستبەجێ جێبەجێ دەکرێت چونکە پەیوەستە بە ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەوە. دەزگای هەواڵگری ناوەندی وەکو چەکێکی پێویست و کاریگەر کاردەکات بۆ پێشکەشکردنی زانیاری هەواڵگری و سیخوڕی. بەمەش ئەم دەزگایانە دەتوانن کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەم دامەزراوانە بە دامەزراوەی یارمەتیدەری سەرۆکی ئەمریکا دادەنرێن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. ئەم دامەزراوانە ڕۆڵیان هەیە لە پێدانی زانیاری بە سەرۆکی ئەمریکا، پشتیوانی لە سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەمریکا دەکەن و ئەرکیان جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی سەرۆکی ئەمریکایە.

لە کۆتاییدا، لەگەڵ گرنگی و باڵادەستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن یاخود سەۆکی ئەمریکا، پێویستە بەردەوامی بدرێت بە ڕێزگرتن لە لایەن سەرۆکی ئەمریکاوە لە دیدگا و بۆچونی دامەزراوەکانی دیکەی ئەمریکا وەکو دامەزراوە یارمەتیدەرەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و کۆنگرێس و دامەزراوە نافەرمییەکانی وەکو پارتە سیاسییەکان، ڕای گشتی و گرووپەکانی بەرژەوەندی و گشت دامەزراوەکانی دیکەی دەوڵەت لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. پێویستە ڕێگا بە گشت دامەزراوەکان بدرێت بەشداربن لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە پێی دەستور. ئەم توێژینەوەیە ڕاسپاردەی ئەوە دەکات، بە هۆی ئەوەی بە پێی دەستور ئەمریکا دەوڵەتێکی دیموکراسییە و لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هەماهەنگییە لە نێوان دەسەڵاتەکان، بۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی ئەمریکا بەتایبەتی سەرۆکی ئەمریکا کە بەرزترین دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەمریکایە ڕێز لە مێژووی پڕ لە دیموکراسی، سەروەری یاسا و دەستوری ئەمریکا بگرێت. هەروەها، پێویستە دەسەڵاتی جێبەجێکردن یاخود سەرۆکایەتی ئەمریکا پلانی ڕوونتر و وردتری هەبێت بۆ جانگی دژ بە تیرۆر و دەوڵەتە داگیرکراوەکان، پلانی سیاسی و ئابووری هەبێت بۆ دوای جەنگ و دەوڵەتە داگیرکراوەکان، هیزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکشێنێتەوە یان ئەم پرۆسەیە بە پلان و خاوتر ئەنجامبدات، کشانەوەی سەربازەکان پێویستە لەگەڵ پشتیوانی نێودەوڵەتی بێت، هاوسەنگی لە نێوان دیپلۆماسی و سەربازی بکات، پەیوەندی لەگەڵ هاوباش و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بەهێز بکات بۆ نەهێشتنی بۆشایی بۆ ڕکابەرەکانی وەک ئێران، ڕووسیا و چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوە کوردییەکان:**

**پەرتوکەکان:**

- ئەمجەد، محەمەد (٢٠٢٢)، سیاسەت و حکومەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، وەرگێڕانی سەلاح میهرپەروەر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئازادی، هەولێر.
- پریفتی، بلێدار (٢٠٢٤)، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرسی بەردەوامی، وەرگێڕانی وژار فهری ئەرگوشی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
- حسین، د. شەماڵ(٢٠١٨)، سیاسەتی دەرەکی، لەگەڵ چەند نمونەیەک لە سیاسەتی دەرەکی (ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران، تورکیا)، چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر، چاپی دووەم، هەولێر.
- سالح، د. نەجات عەلی (٢٠٢١)، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ماد، هەولێر.
-

**تێزی دکتۆرا:**

–ساڵح، نەجات عەلی (٢٠٢٠)، ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پاش ٢٠٠١، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین – هەلێر، هەولێر.

**توێژینەوەی زانستی:**

–حوسێنی، شاهۆ (٢٠٢٠)، جیاوازییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە نێوان دوو حیزبی کۆماریخواز و دیموکراتدا، گۆڤاری تیشک، گۆڤارێکی شیکارانەی کۆمەڵایەتی – سیاسییە، ساڵی بیست و دووەم، ژمارە (٥٧)، لاپەڕە ١٥٥ – ١٦٥.

–شکری، د. نوزاد عبدالله (٢٠٢١)، ناجێگیریی سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ڕۆژئاوای کوردستان، گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران، سۆران، بەرگ (٤)، ژمارە (١)، لاپەڕە ٤٥٩ _ ٥٠٢.

**پێگەی ئەلیکترۆنی:**

–باوەجانی، عارف (١٤/ ٨ /٢٠٢٠)، ڕێکەوتننامەی (ئیبراهیم یا ئەبراهام) لە نێوان ئیسرائیل، ئیمارات، بە پشتیوانی ئەمریکا، پارتی سەربەستیی کوردستان، https://shorturl.at/tKarh، (١٤/٤/٢٠٢٥).

–ستاندەر، کورد لە نێوان (نامەکەی تێلەرسۆن و دادگای فیدراڵی)، ٢٢ ئەیلول ٢٠١٨، ستاندەر، https://search.app/zpiLgfivBw48jkiK9 ، (٢١/١٠/٢٠٢٤).

**المصادر العربية:**

**الموقع الالكتروني:**

–الجزيرة (١٣/١١/٢٠١٦)، تعرف على صلاحيات الرئيس الأميركي، الجزيرة، https://shorturl.at/I1wR9 ، (٨/١٠/٢٠٢٤).

–الجزيرة (١٤/٣/٢٠٢٤)، مجتمع الاستخبارات الأميركية.. وكالات تجسس بعضها فوق بعض، الجزيرة، https://shorturl.at/Hpmii ، (٢/١٠/٢٠٢٤).

**English Referencecs:**

**Articles:**

**Dissertations:**

-Abdullah, Arez Abdulqader (2015), US foreign policy towards the Iraqi Kurdistan Region since 2003, Department of International Relations, Brunel University London, London.

**Journal Articles:**

- Bahari, Diana Mutiara & Sahide, Ahmad (2022), The Comparison of The United States Foreign Policy Against The Islamic World Under President Barack Obama and President Donald Trump's Administration, Journal of Islamic World and Politics, Vol. (6), No. (2), P. 270 – 297.
- Blanchard, Christopher M. (2021), Congress and the Middle East, 2011-2020: Selected Case Studies, Congressional Research Service, R46796, P. 1 – 84.
- Guney, Aylin (2005), An Anatomy of the Transformation of the US-Turkish Alliance: From "Cold War" to "War on Iraq", Turkish Studies, Vol. (6), No. (3), P. 341-359.
- Lewis, Verlan (2017), The President and the Parties' Ideologies: Party Ideas about Foreign Policy Since 1900, Presidential Studies Quarterly, Center for the Study of the Presidency and Congress, Vol. (47), No. (1), P. 27 – 61.
- Mahmod, Hoshman A. & Abdullah, Arez A. (2021), An Examination of the U.S. Military Intervention Against the Islamic State in Iraq, Koya University Journal of Humanities and Social Sciences (KUJHSS), Vol. (4), No. (1), P. 21 – 27.
- Musmar, Dr. Frank (2020), The Trump Vision vs. the Obama Vision on Israel, BESA Center Perspectives Paper, Begin-Sadat Center for Strategic Studies, Bar-Ilan Univercity, No. 1,466, P. 1-3.
- Phillips, David L. (2014), ISIS Crisis, American Foreign Policy Interests, Vol. (36), No. (6), P. 351-360.
- Shukri, Dr. Nawzad Abdullah (2020), The impact of Domestic factors on U.S. Foreign Policy, Journal of Law and Politics, College of Law and Political Science, Salahaddin University – Erbil, 18th year, No. (29), P. 31 – 68.
- Touzani, Fouad (2017), The Role of the American President in Establishing US Foreign Policy: The Case of the Middle East and North Africa, Journal of Intrnational Relations and Foreign Policy, Published by American Research Institute for Policy Development, Vol. 5, No. 1, P. 38 – 60.
- Zeedan, Rami & Wilcoxson, Jaden (2021), Obama vs. Trump - Different Approaches to the Israeli-Palestinian Conflict: Win-Win vs. Win-Lose Methods and Pure Mediation vs. Power Mediation, The Arab World Geographer, Vol. (24), No. (1), P. 1–24.

**Institution Articles and Newspaper Articles:**

-Collins, Kaitlan (January 21, 2025), Trump terminates John Bolton's security detail within hours of taking office, CNN, https://shorturl.at/YTNXu , (8/4/2025).

-Cooper, Helene (December 20, 2018), Jim Mattis, Defense Secretary, Resigns in Rebuke of Trump's Worldview, The New York Times, https://www.nytimes.com/2018/12/20/us/politics/jim-mattis-defense-secretary-trump.html , (25/3/2025).

- Katulis, Brian & Juul Peter (SEP 10, 2021), The Lessons Learned for U.S. National Security Policy in the 20 Years Since 9/11, The Center for American Progress (CAP), https://search.app/poDmV6qKxvHWnmg49 , (17/9/2024).
- Masters, Jonathan (2 March 2017), U.S. Foreign Policy Powers: Congress and the President, Council on Foreign Relations, https://www.cfr.org/backgrounder/us-foreign-policy-powers-congress-and-president , (20/10/2025).
- McFadden, Robert D. (Aug. 24, 2021), Donald H. Rumsfeld, Defense Secretary During Iraq War, Is Dead at 88, The New York Times, https://www.nytimes.com/2021/06/30/us/politics/donald-rumsfeld-dead.html , (7/9/2024).
- Montgomery, Marcus (Oct 11, 2018), John Bolton vs. Bureaucratic Washington: Implications for the Middle East, Arab Center Washington DC, https://shorturl.at/QXWvB , (27/9/2024).

**Documents:**

-Mattis, James N. (December 20, 2018), Secretary of Defense, 1000 Defense Pentagon, Washington, DC 20301 – 1000, Dear Mr. President, Department of Defense, United State of America, file:///C:/Users/Dell/Downloads/mattis-letter2.pdf , (25/3/2025).

**Websites:**

- American University (2025), Susan Rice, American University, https://search.app/gbYNZh1NKry28n3h7 , (23/9/2024).
- Central Intelligence Agency, About CIA, Central Intelligence Agency, https://www.cia.gov/about/ , (6/10/2024).
- Central Intelligence Agency (2021), On the Front Lines: CIA in Afghanistan, Central Intelligence Agency, https://www.cia.gov/legacy/museum/exhibit/on-the-front-lines-cia-in-afghanistan/ , (4/10/2024).
- CNN (November 01, 2023), Condoleezza Rice Fast Facts, CNN, https://amp.cnn.com/cnn/2013/07/08/us/condoleezza-rice-fast-facts , (26/9/2024).
- Federal Register (2025), Defense Department, National Archives and Records Administration, https://shorturl.at/mOdXL . (7/4/2025).
- Historical Office, Office Of The Secretary Of Defence, James N. Mattis, Donald Trump Administration, https://shorturl.at/NRK4D , (25/3/2025).
- McCain Institute (2025), Dr. Mark T. Esper 27TH UNITED STATES SECRETARY OF DEFENSE, McCain Institute, https://search.app/EtKYYiVquzxUZuMB6 , (14/9/2024).
- Office of the Historian (2024), Department of the State, United States of America, Biographies of the Secretaries of State: Colin Luther Powell (1937–2021), Office of the Historian, Department of the State, United States of America, https://history.state.gov/departmenthistory/people/powell-colin-luther , (23/8/2024).
- The White House (August 09, 2014), Statement by the President on Iraq, The White House Office of the Press Secretary, https://obamawhitehouse.archives.gov/the-press-office/2014/08/09/statement-president-iraq , (20/10/2025).
- The White House (March 09, 2014), Readout of National Security Advisor Susan E. Rice's Travel to the United Arab Emirates and Djibouti, The White House, https://search.app/rndtxxXRms4c8SVJA , (23/9/2024).
- U.S. Department of Defense (September 11, 2008), PENTAGON MEMORIAL, U.S. Department of Defense, https://www.defense.gov/Multimedia/Experience/Pentagon-Memorial/ , (5/9/2024).
- U.S. Department of State (January 15, 2009), Remarks at Signing Ceremony for U.S.-U.A.E. Agreement on Peaceful Uses of Nuclear Energy, U.S. Department of State, https://2001-2009.state.gov/secretary/rm/2009/01/114651.htm , (22/8/2024).
- U.S. Department of State (February 3, 2015), The United States and Jordan Sign a Memorandum of Understanding on U.S. Assistance, U.S. Department of State, https://shorturl.at/Q7Ylx , (28/8/2024).
- U.S. Embassy in Egypy (June 9, 2017), Secretary of State Rex Tillerson On the Middle East, U.S. Embassy in Egypy, https://shorturl.at/5GBfm , (29/8/2024).
- U.S. Embassy in Israel (January 14, 2019), Former Secretary Pompeo in the Middle East, U.S. Embassy in Israel**,** https://il.usembassy.gov/secretary-pompeo-in-the-middle-east/ , (31/8/2024).
- Washington Post (September 10, 2021), 9/11: Twenty Years Later with Condoleezza Rice, Washington Post, https://www.washingtonpost.com/washington-post-live/2021/09/10/911-twenty-years-later-with-condoleezza-rice/ , (26/9/2024).

# تأثير السلطة التنفيذية على السياسة الخارجية الأميركية في الشرق الأوسط بين عامي 2001 و2021

**آريز عبدالقادر عبدالله**
قسم النظم السياسية والسياسات العامة، كلية العلوم السياسية,جامعة صلاح الدين–أربيل، إقليم كوردستان,العراق
arez.abdullah@su.edu.krd
**نوزاد عبدالله شكري**
قسم العلاقات الدولية والدبلوماسية، كلية العلوم السياسية,جامعة صلاح الدين–أربيل،إقليم كوردستان,العراق
Nawzad.shukery@su.edu.krd

**الملخص**
تتناول هذه الدراسة بالتفصيل دور السلطة التنفيذية في السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط بين عامي 2001 و2021. بالطبع، فإن للسلطة التنفيذية دور حاسم في توجيه السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط. يتحمل الرئيس العديد من المسؤوليات في السياسة الخارجية الأمريكية. ومن أهم واجبات الرئيس القائد الأعلى للجيش الأمريكي، رئيس الدبلوماسية الأمريكية، إبرام الاتفاقيات مع الدول و تعيين كبار المسؤولين بموافقة مجلس الشيوخ. يوجد مع رئيس الولايات المتحدة العديد من المؤسسات المساعدة. تغطي الدراسة وزارة الخارجية، وزارة الدفاع، مجلس الأمن القومي و وكالة الاستخبارات المركزية .(CIA) يتمثل أحد أهداف هذه الدراسة في دراسة كيفية تأثير السلطة التنفيذية على السياسة الخارجية الأمريكية في الشرق الأوسط. بالتالي، فبالإضافة إلى واجبات الرئيس باعتباره أعلى سلطة تنفيذية، فإن صياغة السياسة الخارجية الأمريكية و تنفيذها غالبًا ما يعتمدان على وجهات نظر مختلفة و وجهات نظر الرؤساء، حتى سياسات الرؤساء و قراراتهم تتغير بمرور الوقت و الموضوع. على سبيل المثال، في علاقة رؤساء الولايات المتحدة و تعاملهم مع إيران، تركيا و إسرائيل. كما لعبت المؤسسات المساعدة دورًا في توفير المعلومات، دعم السياسات و تنفيذ سياسات الرؤساء.
**الكلمات المفتاحية:** السياسة الخارجية، السلطة التنفيذية، الولايات المتحدة، الشرق الأوسط.

# The Impact of the Executive Branch on US Foreign Policy in the Middle East between 2001 and 2021

**Arez Abdulqader Abdullah**
Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Sciences, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region,Iraq
arez.abdullah@su.edu.krd
**Nawzad Abdullah Shukri**
Department of International Relations and Diplomacy, College of Political Sciences, Salahaddin University - Erbil, Kurdistan Region,Iraq
Nawzad.shukery@su.edu.krd

**Abstract**
This study examines the role of the executive branch on the US foreign policy in the Middle East between 2001 and 2021. The executive branch has a decisive role in directing US foreign policy in the Middle East. The president has many responsibilities in US foreign policy. The most important duties of the president are commander-in-chief of the US military, head of US diplomacy, making agreements with states and appointing senior officials with the approval of the Senate. Alongside of the role the President of the United States, there are many other institutions which help president in term of implementing foreign policy. This includes, the State Department, the Department of Defense, the National Security Council and the Central Intelligence Agency (CIA). One of the goals of this study is to examine how the executive branch has influenced US foreign policy in the Middle East. Further, it is noticeable that the formulation and implementation of US foreign policy often depends on different worldviews and perspectives of presidents. In addition, presidents' policies and decisions evolve over time and vary depending on the subject matter. For example, in the relationship and treatment of US presidents with Iran, Turkey and Israel. Also, ancillary institutions have played a role in providing information, supporting policy, and implementing presidents' policies.
**Keywords:** foreign policy, executive branch, the United States, the Middle East.